# پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی

توێژینەوەیەکی ڕستەسازیە

پرۆفیسۆر دکتۆر

عەبدوللا حوسێن ڕەسول

ئەم توێژینەوەیە یەکەم چاپی وەکو زنجیرە (٢)ی کتێبی گیرفان،

لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی (٢٠٠٥) بڵاوکراوەتەوە.

کتێبفرۆشی سۆران، ساڵی (٢٠٠٦)، چاپی دووەمی کردوە.
دواتر لە ژمارە (١٧)ی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،
ساڵی ٢٠١١، لاپەڕە (٤١-١٠٨) بڵاوکراوەتەوە.
بەرواری نوسین: ٤/ ٤/ ٢٠٠٤

# ﴿پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی﴾

## ﴿ڕستە﴾

### پێشەکی

لەگەڵ کورتیی مێژوی ڕێزمانی کوردی، بە بەراوردکردن لەگەڵ مێژوی ڕێزمانی زمانە ڕاژەکراوەکان، زمانەوانانی کاروانی ڕێزمانی کوردی، چالاکانە هەنگاوی درشتیان ناوە و خەرمانەیەکی بڕشتیان کۆکردوەتەوە، بەتایبەتی لە ئاستی ڕستەسازیدا. کەم زمانەوانی ڕێزمانی کوردی هەیە، خۆی لە تەنگەی نەدابێ. هەرچەندە هەندێ لە ڕابەران، شوێنپێیکەوتنی ڕێزمانی زمانەکانی تریان تا ڕادەیەك پێوە دیارە، بەڵام ئەو دیاردەیە پتر لە تەمەنی گاگۆڵەییە و هەر زو کاروانی ڕێزمانی کوردی سەرڕێ کەوتوە. ئێستاش لە سایەی سوارچاکانی ئەو کاروانە و بە سود وەرگرتن لە بەهرەی نەتەوە پێشکەوتوەکان و زیرەکیی کارمەندانی ئەو ڕێبازە، خەریکە پێگەیەکی بەرایی لە هاوشانی ڕێزمانە پایەدارەکان دەگرێ.

لە ڕێزمانی سەرەتا، بەر لە باسە ئەکادیمیەکان زمانەوانان تیشکیان دەخستە سەر هەمو ئاستەکانی زمانەوانی، بەڵام بە زۆری بەشی شێر بەر ئاستی ڕستەسازی کەوتوە و لەم ڕوەوە درێغییان نەکردوە. ئەگەرچی بۆچونەکانیان لە یەك نزیکن، بەڵام هەریەکەیان بە جیاوازییەکی هەستپێکراو، پێناسە و پۆلینی ڕستەی کوردییان کردوە. ئێمەش لەم هەنگاوەدا بە پێی توانا و بە سود وەرگرتن لە سەرجەم هەنگاوەکانی ئەم کاروانە، خشتێکی تر دەخەینە سەر کۆشکی ڕاژەی زمانەکەمان. بەو هیوایەی بتوانین، خشتێکی ڕێك و بێ خەوش دابنێین، ئەگەرنا درێغی مەکەن لە ڕەخنە و چەکوشکاری کردنی تا ڕاستیدەکەنەوە.

بۆ پێکانی مەبەست، لە سەرەتا وەك زەمینە خۆشکردنێك، پۆلینی ڕستەمان لە ڕوی دارشتنەوە، بە پۆلینێکی درەختی(محمد-١٥٤) خستوەتەڕو. لە بەشی یەکەمدا، ڕستەی سادەمان تاوتوێکردوە، کە پێکهاتوە لە سێ بەند: بەندی یەکەم، سادەترین ڕستەی کوردی و بەندی

دووەم، ڕستەی سادەی ئاسایی و بەندی سێیەم، ڕستەی سادەی فراوانکراوە. لە بەشی دووەمدا، ڕستەی ناسادە خراوەتە ڕو، کە لە بەندی یەکەمدا، باسی ڕستەی لێکدراو و لە بەندی دووەمدا، باسی ڕستەی ئاوێتە (تێکەڵ) دەکا. لە بەشی سێیەمدا، پۆلینی ڕستەمان لە ڕوی گەیاندنی واتا (ئەرکە زمانەوانیەکانی ڕستە) گەڵاڵە کردوە. لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## ﴿پۆلینکردنی ڕستە﴾

سەرەتا

باوترین پۆلینەکانی ڕستە، پۆلینکردنی ڕستەیە لە ڕوی دارشتنەوە (ڕۆنان)، کە تیایدا بە پێی ڕادە و چۆنیەتی کەرەسە پێکهێنەرەکانیان، ڕستەکان پۆلین و دابەش دەکرێن. لەم ڕوەوە، زمانەوانان تا ڕادەیەکی زۆر ڕێکن، چ لە ڕوی چۆنیەتی پۆلینکردنی ڕستە بێ، چ لە ڕوی زاراوەکاری بێ. لەم باسەدا هەوڵی ئەوە دراوە، سەرجەم پۆلین و بۆچونەکان کۆبکرێنەوە و یەکبخرێن و بەشە سەرەکی و لاوەکیەکان گەڵاڵە بکرێن. وەك لەم خشتەیەدا دیارە:

**ڕستە**

| (١) ڕستەی سادە | | | (٢) ڕستەی ناسادە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (أ) | (ب) | (ج) | (أ) ڕستەی لێکدراو | | | | (ب) ڕستەی ئاوێتە (تێکەڵ) | |
| سادەترین ڕستە | ڕستەی سادەی ئاسایی | ڕستەی سادەی فراوانکراو | هاوڕێك | پێچەوانە | هەڵبژاردە | ـەمرێ | دیارخەری ناو | دیارخەری کار |

خشتەی ژمارە (١)

## ﴿بەشی یەکەم﴾

### ڕستەی سادە

ڕستەی سادە، ئەو ڕستەیە کە تەنیا کارێك و پێویستیەکانی ئەو کارەی تیادایە(١). جۆری کارەکە ژمارە و ئەرکی توخمەکان(٢) دەستنیشان دەکا. واتە؛ ئەگەر کارەکە تێپەڕ بو، دو توخم وەردەگرێ: بکەر و بەرکار. ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بو، یەك توخم وەردەگرێ، کە نیهادە، بەڵام بە پێی جۆری تێنەپەڕەکە ئەرکی توخمەکە (نیهادەکە) دەگۆڕێ(عەبدوڵا{ب}-١٣٢): لە تێنەپەڕی بکەریدا توخمەکە بە ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجام دەدا و دەتوانێ، بیکا، یا

نەیکا، یا هەر نەبێ، پێش و دوای بخا، لێرەدا توخمەکە دەبێتە بکەر. لە تێنە پەڕی بەرکاریدا توخمەکە بە ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجام نادا و بەسەریدا دەسەپێ و نە دەتوانێ، خۆی لێ لادا و نە دەتوانێ، پێش و دوای بخا، لێرەدا توخمەکە دەبێتە بەرکار. جیاوازیی نێوان تێپەڕ و تپنە پەڕ ئەوەیە، تێنە پەڕ بکەرنادیاری لێ دروست ناکرێ. جیاوازیی نێوان تێنە پەڕی بکەری و بەرکاریش ئەوەیە، تپنە پەڕی بەرکاری ( بە هەمان واتای ڕەگەکە ) فەرماندانی لێ دروست ناکرێ(٣).

لە ڕستەی سادەدا دەشێ، پتر لە ناوێك، ڕاناوێك، ناوەڵناوێك، ناوەڵکارێك ...هتد هەبێ، بەڵام ناشێ، پتر لە کارێك هەبێ. بۆیە ڕەگی کار بە کۆڵەکەی سەرەکی ڕستە دادەنێین و ڕستە بەوە پێناسە دەکەین، کە **بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی**.

هەڵبەتە، ڕەگی کار مۆرفیمێکی بەندی(٤) تەوەرەییە ( سەرە )، خۆی پێویستیەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ. بۆ نمونە: ئەو توخمانەی ڕەگی چاوگی ( شکان ) هەڵیاندەبژێرێ، جیاوازن لە گەڵ ئەو توخمانەی ڕەگی چاوگی ( دڕان ) هەڵیاندەبژێرێ. وەك: ( شوشە و دار و بەرد و پەنجەرە و پێنوس و ... دەشکێن. )، بەڵام ( پەڕۆ و جل و کاغەز و نایلۆن و ... دەدڕێن ). کەواتە، کەرەسەی ( شکان ) دەبێ، سیمای ڕەقی و ورد و خاش بون و دەنگی شکانی هەبێ، بەڵام کەرەسەی ( دڕان ) دەبێ، سیمای تەنکی و نەرمی و دو لەت بون و دەنگی دڕانی هەبێ. بۆیە ناتوانین، بڵێین: پەڕۆ شکا و شوشە دڕا.

## پێویستیەکانی ڕەگی کاریش دو جۆرن:

**١- پێویستیە سەرەکیەکان: ئەو پێویستیانەن، کە زۆرەکین (إجباری – Obligatory ) و ناتوانرێ، لابدرێن. ڕەگی کار، تەنیا دو پێویستیی سەرەکیی هەیە: ( مۆرفیمە بەندەکانی کات )، کە بە درشتی کاتی ڕودانی کارەکە دەردەخەن. ( ڕاناوە لکاوەکان )، تەنیا ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ بکەر و بەرکاری ڕستەکە.**

**ئەم خشتەیەی خوارەوە، سەرجەم پێویستیە سەرەکیەکان دەگرێتە خۆی:**

**پێویستیە سەرەکیەکانی ڕستە**

| تەنیا ڕاناوە لکاوەکانی توخمی بکەر، بەرکار | | مۆرفیمەکانی کات | | |
|---|---|---|---|---|
| دەستەی یەکەم ڕێککەوتن | دەستەی دووەم خاوەنی | مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو | کاتی ڕانەبوردو: ئێستا | کاتی ڕانەبوردو: داهاتو |
| م، ی، Ø ، ین، ن، ن | م، ت، ی، مان، تان، یان | ا، د، ت، ی، و | ە / Ø | ێ / Ø |

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

٢ـ پێویستیە لاوەکیەکان: ئەو پێویستیانەن، کە خۆشەکین (إختیاری – Optional) و دەتوانرێ، لابدرێن. جگە لە پێویستیە سەرەکیەکان، هەمو بەشەکانی ئاخاوتن (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ڕاناو، ...هتد)ی ناو ڕستە دەگرنەوە. بۆ نمونە، ئەگەر ڕستەی ژمارە (١)ی خوارەوە کورتبکەینەوە بۆ ڕستەی ژمارە (٢)، سیمای ڕستەی هەر دەمێنێ و لە ڕێزمانیی ڕستە دەرناچێ:

(١) تۆ دوێنێ بەم گەرمایە و لەو شوێنە قەڵەبالغەدا منت لە چاوەڕوانیدا کوشت.

(٢) کوشـــتمت.

ڕستەی دوەم بەم شێوەیە شیدەکرێتەوە، کە بە پێی یاساکانی گوێزانــەوە، فرێـزی کاریەکـە پێش فرێزە ناویەکە کەوتوە:

| فرێزی کاری | | فرێزی ناوی | |
|---|---|---|---|
| ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی لکاوی بەرکار | ڕاناوی لکاوی بکەر |
| کوش | ت | م | ت |

خشتەی ژمارە (٣)

## جۆرەکانی ڕستەی ســـادە:

وەك لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕو، دەتوانرێ، ڕستەی سادە دابەشی ئـەم سـێ جۆرەی خوارەوە بکرێ:

**یەکەم – ســـادەترین ڕستە:**

سادەترین ڕستەی کوردی، ئەو ڕستەیە، کە لە تاکە وشەیەك پێکهاتبێ. ئـەو تاکـە وشەیە، لە ئاستی وشەسازیدا، وشەیە. بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا، دەبێتە ڕستە، چـونکە هەمو پێویستیەکانی ڕستەی تیادایە، وەك: ڕەگی کار و هەردو پێویستیە سـەرەکیەکەی، کـە مۆرفیمی کات و مـۆرفیمی تـوخمن (ڕانـاوی لکـاوی بکـەر، بـەرکار). مۆرفیمـەکانی کـات و توخمیش دەشێن، هەریەکەیان مۆرفیمێك بن یان پتر. دەتوانرێ، یاسای دارشتنی سـادەترین ڕستە کوردیەکان، بە پێی جۆری ڕەگی کار و دەمکاتەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشـان بکرێ:

***لە کاری تێنە پەڕدا:***

ئەگەرچی دو جۆر کاری تێنە پەڕمان هەیە: بکەری و بەرکاری، بەڵام یاسای دارشـتنی ڕستەیان(کوردستان{ب}-٥١) وەکو یەکە، تەنیا جیاوازییان لەوەدایە، فرێزی نـاوی (نیهـاد)، لـە ڕستەی تێنە پەڕی بکەری، دەبێتە بکەر و لە ڕستەی تێنە پەڕی بەرکاری، دەبێتە بەرکار. لـە کاری تێنە پەڕیشدا، هەرگیز ڕستەی بکەرنادیار دروستناکرێ.

بە پێی دەمکاتەکان، یاسای دارشتنی سادەترین ڕستە تێنەپەڕەکان، بەم شێوەیەی خوارەوەن :

**١ ـ کاتی ڕابوردو:** بە پێی ژمارە و جۆری مۆرفیمەکانی کات، چەند جۆرێکی هەیە :

***ڕابوردوی سادە:*** تەنیا یەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی تیادایە(وریا-١٢٧). یاسای دارشتنی بەم شێوەیە :

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو ( توخم ) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | یەکەمی تاك | گەڕام | گەڕ | ا | م | بکەر |
| | دووەمی تاك | هاتی | ها | ت | ی | |
| | سێیەمی تاك | فڕی | فڕ | ی | Ø | |

**خشتەی (٤)**

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو ( توخم ) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | یەکەمی کۆ | خزیین | خز | ی | ین | بەرکار |
| | دووەمی کۆ | مردن | مر | د | ن | |
| | سێیەمی کۆ | بون | ب | و | ن | |

**خشتەی (٥)**

***ڕابوردوی بەردەوام:*** جگە لە مۆرفیمی کاتی ڕابوردو، مۆرفیمێکی کاتی ئێستاشی وەکو پێشگر تیادایە. ئەوەی شایانی باسە، تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستا لە مۆرفیمەکانی کات دەتوانێ، ببێتە پێشگر ( -ە)، کە ڕەنگە دەنگی (د)ی وەك دیاردەیەکی دەنگسازی کوردی، بکەوێتە پێش و ئەگەر ئەو دەنگە نەبو، وەك هەر دەنگە بزوێنێکی سەرەتا، دەنگی هەمزە (ئـ)ی لە پێش دروستەبێ. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە :

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ئێستا | ڕەگی کار | ڕابوردو | ڕاناوی لکاو ( توخم ) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | یەکەمی تاك | دەسوڕاین | (د)ە | سوڕ | ا | ین | بکەر |
| | دووەمی تاك | دەفڕیی | (د)ە | فڕ | یـ | ی | |
| | سێیەمی تاك | دەچو | (د)ە | چـ | و | Ø | |

**خشتەی (٦)**

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ئێستا | ڕەگی کار | ڕابوردو | ڕاناوی لکاو (توخم) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | یەکەمی کۆ | دەخنکاین | (د)ە | خنک | ا | ین | بەرکار |
| | دوەمی کۆ | دەکەوتن | (د)ە | کەو | ت | ن | |
| | سێیەمی کۆ | دەتۆپین | (د)ە | تۆپ | ی | ن | |

خشتەی (٧)

***ڕابوردوی تەواو:*** لە ڕابوردوی تەواودا، ئەگەرچی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و ئێستا، وەکو پاشگر بە دوای یەکدا دێن، بەلاّم (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(ە)، دەکەوێتە نێوانیان. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو/ توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | (١) تاک | وەستاوم | وەست | ا | و | Ø | م | بکەر |
| | (٢) تاک | هاتوی | ها | ت | و | Ø | ی | |
| | (٣) تاک | دانیشتوە | دانیش | ت | و | ە | Ø | |

خشتەی (٨)

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو/توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | (١) کۆ | ماوین | م | ا | و | Ø | ین | بەرکار |
| | (٢) کۆ | گۆڕاون | گۆڕ | ا | و | Ø | ن | |
| | (٣) کۆ | مردون | مر | د | و | Ø | ن | |

خشتەی (٩)

بەردەوام تێبینی ئەوە دەکرێ، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لە بەر ئەوەی بزوێنێکی کورت و ناسکە و دەرنەکەوتنی نابێتە هۆی واتا گۆڕین، ئەگەر ڕاناوی بە دوادا هات، دەسوێ. بەلاّم لە کەسی سێیەمی تاکدا، لەبەر ئەوەی ڕاناو دەرناکەوێ، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرەکەوێ. ئەم دیاردەیە بە هەمان شێوە لە ڕستەی کاتی ئێستا، فەرماندان، ... هەیە.

***ڕابوردوی دور:*** لە ڕابوردوی دوردا، دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردو، وەکو پاشگر بە دوای یەکدا دێن، بەلاّم (ب)ی ڕەگی کاری (بو)ی یاریدەدەر، دەکەوێتە نێوانیان. مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ کاری سەرەکی و یەکێکە لەمانە: (ا/د/ت/ی/و)، بەلاّم مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی دوەم، (و)ە و دەگەڕێتەوە بۆ کاری (بو)ی یاریدەدەر. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (و)ی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو/ توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | (١) تاک | هەستابوم | هەست | ا | ب | و | م | بکەر |
| | (٢) تاک | نوستبوی | نوس | ت | ب | و | ی | |
| | (٣) تاک | سوڕابو | سوڕ | ا | ب | و | Ø | |

خشتەی (١٠)

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (و)ی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو/ توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | (١) کۆ | شکابوین | شـــک | ا | بـــــ | و | ین | بەرکار |
| | (٢) کۆ | کەوتبون | کـــەو | تـ | بـــــ | و | ن | |
| | (٣) کۆ | بوبون | بـــــ | و | بـــــ | و | ن | |

خشتەی (١١)

لێرەدا ئەگەرچی دو ڕەگی کار هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوکیان یەك توخم/ (ڕاناوی لکاو) یان هەیە، بە یەك ڕستەی سادە دادەنرێ:

- بوبوم (یەك ڕستەی سادەیە).
- نەبوبوم (یەك ڕستەی سادەیە).
- بوم و نەبوم (دو ڕستەی سادەن).

لە یەکەم و دوەمدا تەنیا یەك (م)ی ڕاناوی لکاویان هەیە، بەڵام لە سێیەمدا، دو (م)ی ڕاناو هەن.

***ڕابوردوی خۆزگەیی:*** لە ڕابوردوی خۆزگەییدا دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردو وەکو پاشگر بە دوای یەکدا دێن، بەڵام (بـ)ی ڕەگی کاری (بو)ی یاریدەدەر، دەکەوێتە نێوانیان. مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ کاری سەرەکی و یەکێکە لەمانە: (ا/د/ت/ی/و). بەڵام مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی دوەم، هەردەم (ا)یە و لە بری ئەوەی وەکو ڕابوردوی دور بواری ڕودانی کارەکە دور بخاتەوە، چەمکی ڕونەدانی (خۆزگەیی) پێ دەبەخشێ. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (ا)ی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو/توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | (١) تاك | خەوتبام | خـــەو | تـ | بـ | ا | م | بکەر |
| | (٢) تاك | هەستابای | هەستـ | ا | بـ | ا | ی | |
| | (٣) تاك | فڕیبا | فـــڕ | یـ | بـ | ا | Ø | |

خشتەی (١٢)

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (ا)ی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو/توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | (١) کۆ | گریابāین | گریـ | ا | بـ | ا | ین | بەرکار |
| | (٢) کۆ | هەبوبان | هەبـ | و | بـ | ا | ن | |
| | (٣) کۆ | پسابان | پسـ | ا | بـ | ا | ن | |

خشتەی (١٣)

لە ڕابوردوی خۆزگەییدا دەتوانرێ، چەند جۆرێکی دیکە دروستبکرێن، بە پێی پترکردنی مۆرفیمەکانی کات:

١- دوبارەکردنەوەی مۆرفیمی ( ا )ی کاتی ڕابوردو و پتر کردنی مۆرفیمی ( ە )ی کاتی ئێستا، کە ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی دروستەکا و بواری چالاکی کارەکە لە ڕابوردوی سادە درێژ دەکاتەوە تا ئێستا. لەم بارەدا پێویستیمان بە ( یـ ) ناوبڕ دەکا، لە نێوان دو بزوێنی ( ا )ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا.

٢- کاتێ مۆرفیمی ( و )ی کاتی ڕابوردو بخرێتە دوای ( بـ )ی ڕەگی ( هە )بون، واتە؛ فۆرمی خانی یەکەم لە ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی دەگۆڕێ بۆ ڕابوردوی دور و بواری چالاکی کارەکە لە ڕابوردوی دور درێژ دەکاتەوە تا ئێستا. لەم بارەشدا، پێویستیمان بە ناوبڕەکەی سەرەوە دەکا. ئەم جۆرەیان لە ڕوی کارەکییەوە، کەمتر بەکاردێ و ڕێژەی بەکارهێنانی هەر جۆرێکیان بە پێی ناوچە و شێوەزارەکان دەگۆڕێ و ڕەنگە لە هەندێ ناوچەدا، هەندێ هاوشێوەی تر جگە لەمانە بەکاربێن.

| ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی | ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی | ڕابوردوی دوری خۆزگەیی |
|---|---|---|
| خەوتبام | ( بـ )خەوتبامایە | خەوتبو( ا )مایە |
| هەستابای | ( بـ )هەستابایتایە | هەستابو( ا )یتایە |
| فڕیباØ | ( بـ )فڕیباØیە | فڕیبواØیە |
| گریابایـن | ( بـ )گریابایـنایە | گریابواینایە |
| هەبوبان | ( بـ )هەبوبانایە | هەبوبوانایە |
| پسابان | ( بـ )پسابانایە | پسابوانایە |

***خشتەی ( ١٤ )***

لە ڕستەی تێکەڵدا، ئەم جۆرەیان ڕۆڵی ڕستەی مەرجی دەگێڕێ.(بڕوانە بەشی چوارەم، ڕستەی ئاوێتە ).

**<u>٢ ـ کاتی ئێستا</u>:** مەبەست لە کاتی ئێستا ئەو ڕستانەن، کە تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستایان تیادایە. بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارانە دەمی ئاخاوتنە(سعید-٣٩)، واتە؛ لە دەمی ئاخاوتندا ڕودانی کارەکە لە ئارادایە و ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ، کە پێشتر کارەکە ڕوینەداوە، یان دواتر ڕونادا، چونکە مەبەستی ڕستەکە تەنیا کاتی ئێستایە. ئەم جۆرە ڕستانە تەنیا لەگەڵ ڕەگی {هە( بون )} دروستدەبن. لەم بارەدا توخم ( ڕاناو ) دەبێتە بەرکار، چونکە ڕەگی {هە( بون )} تێنە پەڕێکی بەرکاریە. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە :

| ڕستە | فریزی ناوی | ڕەگی (هە)بون | مۆرفیمی ئێستا | توخم (ڕاناو) |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| کوردم | کورد | Ø | Ø | م |
| پیاوی | پیاو | Ø | Ø | ی |
| زیرەکە | زیرەک | Ø | ە | Ø |
| هەین | Ø +(هە)ی ئەریّ | Ø | Ø | ین |
| ئێوەن | ئێوە | Ø | Ø | ن |

خشتەی (١٥)

لەم جۆرە ڕستانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕەگی (هە)بون دەرناکەوێ، چونکە ئەگەر دەرکەوێ، ڕستەکە لە ڕستەی هەواڵدان دەگۆڕێ بۆ ڕستەی داخوازی، یان لە کەسی سێیەمی تاکدا ڕستەکە دەبێتە ڕستەی فەرماندان(٢) بۆ کەسی دوەمی تاک.

دەشێ، لە (هەبون)دا، ڕاناوێکی خاوەنی دوای فرێزە ناویەکە بێ، بەڵام ئەم ڕاناوە ڕۆلی بکەری و بەرکاری نابینێ، بەڵکو تەنیا ڕۆلی دیارخەری (خاوەنێتی) دەبینێ. واتە؛ ئەو توخمەی لە ئارادا هەیە، خاوەنداره و لێرەدا کارەکە هەرگیز نابێتە تێپەڕ. ئەگەر فرێزە ناویەکە بە ئاشکرا دەرنەکەوت، ڕاناوەکە دەکەوێتە دوای پێشگری (هە)، کە فۆڕمی ئەرێیە نەک فرێزی ناوی(عەبدولوەهاب-٣٩-٤٣). وەك:

| ڕستە | ف ن | پێشگر | دیارخەر | ڕەگ | مۆرفیمی ئێستا | توخم (ڕاناو) |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هەمە | Ø | هـ | مـ | Ø | ە | Ø |
| هەتانە | Ø | هـ | تانـ | Ø | ە | Ø |
| هەیە | ـ | هـ | ..... | Ø | (یـ) ناوبڕ+ ە | Ø |
| هەیەتی | ـ | هـ | یـ | Ø | (یـ) ناوبڕ+ ە | (تـ)ناوبڕ+Ø ی |

خشتەی (١٦)

٣ــ <u>کاتی داهاتو</u>: مەبەست لە کاتی داهاتو، ئەو ڕستانەن، کە تەنیا مۆرفیمی کاتی داهاتویان تیادایە. سادەترین ڕستە (ڕستەی یەك وشەیی)، لەم جۆرە ڕستانەدا بەوە دروستدەبێ، کە (بـ)ی ڕەگی (بون)، ببێتە پێشگری ڕەگی کارێکی سەرەکی و (ێ/Ø)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو و مۆرفیمی توخم (ڕاناوی لکاو)، ببن بە پاشگر. لێرەدا ئەگەرچی (بـ)ی ڕەگی (بون)، واتای ئارایی خۆی هەر دەمێنێ، بەڵام سیمای ڕەگی کاری نامێنێ، چونکە مۆرفیمی کات و ڕاناوی بە دوادا نەهاتون. بۆیە لە بری ڕەگی (بون)، دەتوانرێ، پێی بوترێ: مۆرفیمی ئارایی. بواری چالاکی ئەم جۆرە ڕستانە، دوای کاتی ئێستایە، واتە؛ کاتی ئایندە، یان داهاتوە. وەك:

| ڕستە | مۆڕفیمی ئارایی | ڕەگی کار | مۆڕفیمی داهاتو | توخم | |
|---|---|---|---|---|---|
| بگەڕێم | بـ | گەڕ | ێ | م | بکەر |
| بسوڕێی | بـ | سوڕ | ێ | ی | |
| بـ(هـ)ـێ | بـ | (هـ) | ێ | Ø | |
| بشلەژێین | بـ | شلەژ | ێ | ین | بەرکار |
| دا(بـ)وەشێن | (بـ) | دا–وەش | ێ | ن | |
| بمرØن | بـ | مر | Ø | ن | |

خشتەی (١٧)

لەم فۆڕمەدا چەند تێبینیەك بەرچاو دەکەوێ:

أ- لە ڕوی یاسای داڕشتنەوە، وەکو فۆڕمەکانی ڕابوردو، هیچ جیاوازییەك لە نێوان تێنە پەڕی بکەری و بەرکاریدا نابینرێ، تەنیا ئەوە نەبێ، توخمی تێنە پەڕی بکەری دەبن بە بکەر و توخمی تێنە پەڕی بەرکاری دەبن بە بەرکار.

ب- ئەگەر پێشگرێك لە پێش (بـ)ی مۆڕفیمی ئارایی هات، بە زۆری مۆڕفیمی ئارایی دەسوێ.

ج- مۆڕفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، لە چاوگە تێنە پەڕە (ا)ییەکاندا، لە هەموکەسەکاندا دەرەکەوێ، بەڵام لە چاوگە تێنە پەڕەکانی تردا، مۆڕفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە/Ø/.

٤- **<u>کاتی ڕانەبوردو</u>**: کاتی ڕانەبوردو، هەردو کاتی ئێستا و داهاتو دەگرێتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە -٢-). مۆڕفیمی (ە)ی کاتی ئێستا، وەکو پێشگر دەکەوێتە پێش ڕەگی کار و لەبەر ئەوەی بزوێنە و لە سەرەتای وشەیە، دەنگی (ئـ) هەمزەی لە پێش دروستدەبێ. لە هەندێ ناوچەشدا دەنگی (د) شوێنی هەمزەکە دەگرێتەوە، بەڵام مۆڕفیمی (ێ/Ø)ی کاتی داهاتو وەکو پاشگر دەکەوێتە دوای ڕەگی کار. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

لە فۆڕمی ئەم کاتەشدا ئەم تێبینیانە سەرنج ڕادەکێشن:

| ڕستە | مۆڕفیمی ئێستا | | ڕەگی کار | مۆڕفیمی داهاتو | توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەچم | (د/ئـ) | ە | چ | Ø | م | بکەر |
| دەڕۆی | (د/ئـ) | ە | ڕۆ | Ø | ی | |
| دەنوێ | (د/ئـ) | ە | نو | ێ | Ø | |
| دەترسێین | (د/ئـ) | ە | ترس | ێ | ین | بەرکار |
| دەدۆڕێن | (د/ئـ) | ە | دۆڕ | ێ | ن | |
| دەمرØن | (د/ئـ) | ە | مر | Ø | ن | |

خشتەی (١٨)

أ- وەکو تێبینی سێیەم، لە کاتی داهاتو مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، لە چاوگە تێنە پەرە (ا)ییەکاندا لە هەمو کەسەکاندا دەرەکەوێ، بەڵام لە چاوگە تێنە پەرەکانی تردا، مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە(Ø).

ب- چاوگی (ڕۆیشتن)، یەکێکە لەو چاوگانەی(٦) لە کەسی سێیەمی تاکیش مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو دەرناکەوێ.

ج- لە چاوگی (هاتن)دا، (ها)ی ڕەگی کار دەسوێ و لە هەمو کەسەکاندا، (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو دەرەکەوێ:

هاتن ← دە(Ø)ێم ← دە(Ø)ێی ← دە(Ø)ێØ ← دە(Ø)ێین ← دە(Ø)ێن ← دە(Ø)ێن

***لە کاری تێپەڕدا*** :

تەنیا جیاوازی لە کاری تێپەڕدا ئەوەیە، کە کاری تێپەڕ دو توخم وەردەگرێ، کە بکەر و بەرکارن(یوسف-٥٧). لە ڕابوردودا، دەستەی خاوەنی دەبێتە بکەر و دەستەی ڕێککەوتن دەبێتە بەرکار، بەڵام لە ڕانەبوردودا بە پێچەوانە.

بە پێی دەمکاتەکان، یاسای دارشتنی سادەترین ڕستە تێپەڕەکان، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**١- <u>کاتی ڕابوردو</u>: بە پێی ژمارە و جۆری مۆرفیمەکان چەند جۆرێکی هەیە:**

***<u>ڕابوردی سادە</u>:*** تەنیا یەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی تیادایە. لەم جۆرەدا، ڕاناوی بەرکار لە دەستەی ڕێککەوتنە و بە زۆری کەسی سێیەمی تاك وەردەگرێ، کە سفرە و دەرناکەوێ. هەندێ جاریش، ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك، یان سێیەمی کۆ دەبنە بەرکار. بەڵام ڕاناوەکانی تر لەم ئەرکەدا، ئاسایی نین و سرکن. ڕاناوی بەرکاریش دەکەوێتە پێش ڕاناوی بکەر، کە لە دەستەی خاوەنیە. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە:

| ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناوی بەرکار | ڕاناوی بکەر |
|---|---|---|---|---|
| کێڵام | کێڵ | ا | Ø | م |
| گرتمت | گر | ت | م | ت |
| خواردمی | خوار | د | م | ی |

**خشتەی (١٩)**

***<u>ڕابوردی بەردەوام</u>***: لەم جۆرەدا، تەنیا جیاوازی لەگەڵ تێنە پەڕی بەرکاریدا ئەوەیە، ڕاناوی خاوەنی دەبێتە بکەر و دەکەوێتە نێوان مۆرفیمی کاتی ئێستا و ڕەگی کار، بە مەرجێ هیچ پێشگرێکی تر لە پێش مۆرفیمی کاتی ئێستا نەبێ. ئەگەر هەر پێشگرێکی وەك (نە، هەڵ،

دا، ڕا، سەر، ژێر... ) کەوتە پێشەوە، ڕاناوی بکەرەکە بازدەدا بۆ دوای ئەو. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە :

| ڕستە | مۆرفیمی ئێستا | | ڕاناوی بکەر | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناوی بەرکار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەیناردین | ( د/ئـ ) | ە | یـ | نار | د | ین |
| دەمناشتن | ( د/ئـ ) | ە | مـ | ناشـ | تـ | ن |
| دەیاندزی | ( د/ئـ ) | ە | یانـ | دز | ی | Ø |

***خشتەی ( ٢٠ )***

***<u>ڕابوردی تەواو</u>:*** لە ڕابوردوی تەواودا، ( و )ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(٧) دوای مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دێ، ئینجا ڕاناوی لکاوی بکەر دێ، کە لە دەستەی خاوەنیە و دوای ئەوە ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دێ، دوای ئەویش ڕاناوی لکاوی بەرکار دێ، کە لە دەستەی ڕێککەوتنە و لەم جۆرەدا بە زۆری هەر کەسی سێیەمی تاك ئەم ڕۆڵە دەبینێ. مۆرفیمی کاتی ئێستاش وەك ڕەفتارە ئاساییەکەی خۆی، تەنیا کاتێ کەسی سێیەمی تاکی بە دوادا دێ، کە لە دەستەی ڕێککەوتن سفرە، دەرەکەوێ و لە ڕاناوەکانی تردا دەرناکەوێ. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە :

| ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | ڕاناوی بکەر | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی بەرکار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هێناومە | هێنـ | ا | و | مـ | ە | Ø |
| کوشتویانن | کوشـ | تـ | و | یانـ | Ø | ن |
| گرتویەتی | گـر | تـ | و | یـ( ناوبڕ ) | ە | Ø تـ(ناوبڕ) ی |

***خشتەی ( ٢١ )***

لە ( گرتویەتی )دا، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە لە بنەڕەتدا دەبێ، ( گرتویە ) بێ(٨)، بەڵام لە بەر ئەوەی لە فۆرمی ( گرتویە )دا، ئەرکی ( یـ ) لە ڕاناوی بکەر دەگۆڕێ بۆ دەنگێکی ناوبڕی نێوان دو بزوێنی ( و )ی ئاوەڵناوی کراو و ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا، بۆیە وەرچەرخانێك ڕودەدا و ( ی )ی ڕاناوی بکەر، دەچێتە کۆتایی کارەکە، لەم بارەدا، دیسان پێویستی بە ناوبڕێکی تر دەبێ لە نێوان خۆی و ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستای پێشی، چونکە گۆکردنی فۆرمی (گرتویەی ) ئاسان نیە، بە تایبەتی لە ڕەوتی ئاخاوتندا، ئەمجارە، لە بری دەنگی ( ی )، دەنگی ( تـ ) دەبێتە ناوبڕی نێوان ئەم دو بزوێنە.

***<u>ڕابوردی دور</u>:*** لە ڕابوردوی دوردا، وەکو ڕابوردوی سادە، تەنیا جیاوازیی لە گەڵ تێنە پەڕی بەرکاریدا ئەوەیە، ڕاناوی بکەر لە دەستەی خاوەنی دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە. واتە؛ دەکەوێتە دوای ڕاناوی بەرکار لە دەستەی ڕێککەوتن. یاسای دارشتنی بەم شێوەیە :

| رستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | (و)ی ڕابوردو | ڕاناوی بەرکار | ڕاناوی بکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نوسیبوم | نوسـ | یـ | بـ | و | Ø | م |
| ناردبونی | نار | د | بـ | و | نـ | ی |
| گرتبومیان | گر | ت | بـ | و | مـ | یان |

خشتەی (٢٢)

***ڕابوردی خۆزگەیی:*** ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێ، یاسای داڕشتنی سادەترین ڕستەی کوردی لە ڕابوردوی خۆزگەییدا بەم شێوەیە:

| رستە | مۆرفیمی ئارایی | بکەر | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | دوبارەی ئارایی | (ا)ی ڕابوردو | بەرکار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بتگرتبام | بـ | تـ | گر | تـ | بـ | ا | م |
| بیانناسیباین | بـ | یانـ | ناسـ | یـ | بـ | ا | ین |
| بمانخوێندبا | بـ | مانـ | خوێنـ | د | بـ | ا | Ø |

خشتەی (٢٣)

لەم فۆڕمەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە بواری ڕودانی کارەکە تەنیا لە ڕابوردودایە. بەڵام ئەگەر مۆڕفیمی کاتی ئێستای بخرێتە سەر، بواری ڕودانەکە لە ڕابوردودا درێژ دەبێتەوە بەرەو کاتی ئێستا، بەڵام بە زۆری مۆڕفیمی ئاراییەکە دوبارە نابێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| رستە | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناوی بکەر | ڕەگی کار | م. ڕابوردو | بەرکار | (ا)ی ڕابوردو | ناوبڕ | م. ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بتگرتمایە | بـ | تـ | گر | تـ | مـ | ا | یـ | ـە |
| بیانناسیینایە | بـ | یانـ | ناسـ | یـ | ینـ | ا | یـ | ـە |
| بمانخوێندایە | بـ | مانـ | خوێنـ | د | Ø | ا | یـ | ـە |

خشتەی (٢٤)

لەم فۆڕمەدا، شێوەی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی (بتگرتبومایە، بمانخوێندبوایە ...) کەمتر بەکاردێ.

**٢- کاتی ئێستا:** لە کاری تێپەڕدا، ڕستەی کاتی ئێستای لێ دروستناکرێ، مەگەر بە شێوەی فەرماندان نەبێ، کە لە بەشی چوارەمدا باسی دەکەین.

**٣- کاتی داهاتو:** سادەترین ڕستەی کاتی داهاتو لە کاری تێپەڕدا، تا ڕادەیەك لە کاری تێنەپەڕی بکەری دەچێ، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی ڕاناوی بەرکار لە دەستەی خاوەنی دەکەوێتە دوای (بـ)ی مۆڕفیمی ئارایی (ڕەگی بون). وەك:

| رستە | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناوی بەرکار | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | ڕاناوی بکەر |
|---|---|---|---|---|---|
| بیگێڕØین | بـ | یـ | گێڕ | Ø | ین |
| بیانسوتێنێ | بـ | یانـ | سوتێنـ | ێ | Ø |
| بتانبینـØم | بـ | تانـ | بینـ | Ø | م |

لەم فۆڕمەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، لەو چاوگانەی تێپەڕێنراون(٩)، دو مۆرفیمی کاتی داهاتو هەن، یەکەمیان: مۆرفیمە ڕەسەنەکەی پێش (ن)ی چاوگە تێنە پەڕەکە، کە ئێستا ناتوانێ، ڕۆلی کات بگێڕێ، چونکە (ن)ی چاوگی هەر بە دواوەیە و دوەمیان: ئەو مۆرفیمەی کاتی داهاتو کە دەکەوێتە نێوان (ن)ی چاوگە ڕەسەنەکە و مۆرفیمی ڕاناوی لکاو (توخم)، کە ئەمەیان چەمکی کاتی داهاتو دەبەخشێ.

هەروەها تێبینی ئەوەش دەکرێ، کە مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە(Ø). تەنیا مەگەر چاوگەکە ناوێزە بێ، وەك: (بڵێم/ی/Ø/ین.. ، بمەوێØ، بتەوێØ، بیەوێØ، بمانەوێØ...هتد)، تەنانەت لە چاوگی ویستندا، ڕۆلی دەستە ڕاناوەکانیش دەگۆڕێ.

ئەو چاوگانەش کە ڕەگەکانیان کۆتایی بە بزوێنە کورتەکەی (ە) دێ و لە کەسی سێیەمی تاکدا درێژدەبێتەوە بۆ بزوێنە درێژەکەی (ا)، لەبەر گرانیی دەربڕین، لە کەسی سێیەمیشدا (ێ)ی کاتی داهاتو دەرناکەوێ. وەك: (بکاØ، بخواØ، بداØ، ببا Ø، بشواØ، دابڕواØ، بخاØ، بڕواØ).

هەندێ چاوگیش هەن، لە ئەنجامی گۆڕانکاریی کۆنی مێژویی، (ا)ییکی مۆرفیمی ڕابوردوی کۆنیان لە چاوگەکاندا ماوەتەوە و ئەگەرچی ئێستا ڕۆلی نەماوە، چونکە زۆربەیان (د)ی مۆرفیمی ڕابوردویان بۆ دروستبوە، بەڵام لە ڕانەبوردودا دەبێتەوە (ێ)ی داهاتو و کە ئەم (ێ)یەش ئێستا چەمکی داهاتو نابەخشێ، بەڵام ڕەفتاری کۆنی گۆڕانەکەی هەر دەنوێنێ، وەك: (ناردن ← دەنێرێØ، ژماردن ← دەژمێرێØ، سپاردن ← دەسپێرێØ، بژاردن ← دەبژێرێØ، چاندن ← دەچێنێØ، ..هتد.

٤- <u>کاتی ڕانەبوردو</u>: کاتی ڕانەبوردو هەروەکو لە تێنە پەڕدا، هەردوکاتی ئێستا و داهاتو دەگرێتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە دو). مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا وەکو پێشگر دەکەوێتە پێش ڕەگی کار و لەبەر ئەوەی بزوێنە و لە سەرەتای وشەیە، دەنگی (ئـ) هەمزەی لە پێش دروستەبێ، لە هەندێ ناوچەشدا، دەنگی (د) شوێنی هەمزەکە دەگرێتەوە، بەڵام مۆرفیمی (ێ/Ø)ی کاتی داهاتو وەکو پاشگر دەکەوێتە دوای ڕەگی کار، بەڵام جیاوازیی کارە تێپەڕەکان لەوەدایە، ڕاناوی لکاوی خاوەنی دەبێتە بەرکار و دەکەوێتە دوای مۆرفیمی کاتی ئێستا و پێش ڕەگی کار، ئەگەر هیچ پێشگرێکی تری لە پێش نەبێ. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

| رستە | مۆرفیمی ئێستا | | بەرکار | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | بکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەیکوژم | (د/ئ) | ە | ی | کوژ | Ø | م |
| دەمگری | (د/ئ) | ە | م | گر | Ø | ی |
| دەیانهێنێ | (د/ئ) | ە | یان | هێن | ێ | Ø |

**خشتەی (٢٦)**

**لە فۆڕمی ئەم کاتەشدا وەکو تێبینیەکانی سەرەوەی کاتی داهاتو، مۆڕفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکا.**

**لە ڕاستیدا لە بچوکترین ڕستەی سادە (یا ڕستەی سادەی یەك وشەیی)دا، مۆڕفیمە سەربەخۆکانی فرێزە ناویەکان لە ئاستی سەرەوە دەر ناکەون و تەنیا وشەیەك دەمێنێتەوە و نوێنەرایەتی ڕستەکە دەکا. بۆیە جگە لە جۆری کارە گەردانکراوەکان، جۆرێکی تری بچوکترین ڕستەی سادەش دەبیسترێ، ئەویش ئەو تاکە وشانەیە، کە لە وەڵامی ڕستە پرسەکان بەکاردێن. وەك:**

| ڕستەی پرس | جۆری پرسیار | بچوکترین ڕستەی وەڵامی پرس |
|---|---|---|
| ئایا چوی بۆ بازاڕ؟ | دەربارەی گشتی | بەڵێ./ نەخێر./ ئا./ نا./ م./ چ. |
| کێ چو بۆ بازاڕ؟ | دەربارەی کەس | ئازاد./ خانزاد./ من./ ئەو. |
| ئازاد چی کرد؟ | دەربارەی کار | ڕۆیشت./ گەڕایەوە./ حەپەسا. |
| خانزاد چو بۆ کوێ؟ | دەربارەی شوێن | بازاڕ./ قوتابخانە./ ماڵ./ سەیران. |
| کەی چو بۆ بازاڕ؟ | دەربارەی کات | دوێنێ./ پێرێ./ دەمێکە. |
| چۆن چو بۆ بازاڕ؟ | دەربارەی چۆنیەتی | خێرا./ هەروا./ نازانم. |

**خشتەی (٢٧)**

**دوەم – ڕستەی سادەی ئاسایی:**

**مەبەست لە ڕستەی سادەی ئاسایی، ئەو ڕستانەن کە جگە لە ڕاناوی ڕێککەوتن، بکەر و بەرکارەکانیان بە ئاشکرا دەرەکەون. واتە؛ وەك مۆڕفیمی سەربەخۆ و بەبێ هیچ وشەیەکی دیارخەر دەردەکەون. بۆیە، ڕستەی سادەی ئاسایی لە کاری تێنەپەڕدا، تەنیا لە دو وشە پێکدێ، وشەیەکیان نیهادە، واتە؛ فرێزی ناویە، (بکەر بێ، یا بەرکار) و وشەی دوەمیان گوزارەیە، واتە؛ فرێزی کاریە، (تێنەپەڕی بکەری بێ، یا بەرکاری)، بەڵام لە کاری تێنەپەڕدا، ڕستەی سادەی ئاسایی لە سێ وشە پێکدێ، دو وشە لە گروپی ناوی، کە یەکەمیان ڕۆڵی بکەر دەگێڕێ و دوەمیان ڕۆڵی بەرکار، وشەی سێیەمیش کارە تێپەڕەکەیە. وەك لەم خشتەیەدا دەرەکەوێ:**

ڕستەی سادەی ئاسایی ( لە بکەر دیاردا )

| لە کاری تێنەپەڕدا | لە کاری تێپەڕدا |
|---|---|
| بکەر یان بەرکار + کار | بکەر و بەرکار + کار |

خشتەی ( ٢٨ )

مەبەست لە گروپی ناوی، دەشێ، ناو بێ، ئاوەڵناو بێ و لە جێی ناو هاتبێ، یان ڕاناوی سەربەخۆ بێ و لە جێی ناو هاتبێ، ... هتد. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

ڕستەی سادەی ئاسایی ( لە بکەر دیاردا )

| لە کاری تێنەپەڕدا | | | لە کاری تێپەڕدا | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بکەر یان بەرکار + کار | | | بکەر و بەرکار + کار | | |
| بکەر | بەرکار | کار | بکەر | بەرکار | کار |
| من | ....... | هاتم | من | تۆم | هێنا |
| منداڵەکەت | ....... | خەوت | دایکەکە | منداڵەکەی | خەواند |
| شیرین | ....... | هەڵدەستێ | شیرین | تەشی | دەڕێسێ |
| ....... | ئێمە | شکاین | ئەوان | ئێمەیان | شکاند |
| ....... | ئێوە | دۆڕان | ئێوە | پارەتان | دۆڕاند |
| ....... | ئەوان | مردن | ئێمە | دوژمنمان | بەزاند |

خشتەی ( ٢٩ )

## سێیەم - ڕستەی سادەی فراوانکراو:

ڕستەی سادەی فراوانکراو(عەبدوڵڵا-٥٢)، ئەو ڕستانەن، کە لە کاری تێنەپەڕدا پتر لە دو وشە و لە کاری تێپەڕدا پتر لە سێ وشەن. واتە؛ جگە لە وشەکانی کار و بکەر و بەرکار، وشە سەربارەکانیش بەکار دێن. وەك:

***أ ـ لە تێنەپەڕدا:***

سادەترین ڕستە: وەرگەڕاØ.

ڕستەی سادەی ئاسایی: ئازاد وەرگەڕاØ.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئازادی کوڕی ئەوزادی دراوسێی خۆمان دوێنێ ئێوارەیەکی درەنگ بە ئوتومبێلە سپیەکەی لە پێچەکانی ڕێگەی پیرمام وەرگەڕاØ.

***ب ـ لە تێپەڕدا:***

سادەترین ڕستە: وەریگێڕاØ.

ڕستەی سادەی ئاسایی: ئازاد ئوتومبێلەکەی وەرگێڕا.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئازادی کوڕی ئەوزادی دراوسێی خۆمان دوێنێ ئێوارەیەکی درەنگ ئوتومبێلە سپیەکەی لە پێچەکانی ڕێگەی پیرمام بە سەرخۆشی وەرگێڕا.

لەم جۆرە ڕستە سادانەدا، بە زۆری هیچ وشـەیەك لـە ئاسـتی نـاوەوە نامێنێتـەوە و زۆربەی وشەکان لە ئاستی سەرەوەدا دەرەکەون، ئینجا وشەکان دیارخـەری فرێـزە ناویـەکان بن، یان دەرخەرەکانی فرێزی کاری.

ڕێگاکانی فراوانکردنی ڕستەی سادەش زۆرن، لەوانە: هەندێ کەرەسەی پەیوەندی کە دەتوانن، ئەندامەکانی گروپە ناویەکان، لە نـاو، ئاوەڵنـاو، ڕانـاو، ... هتـد بـە یەکـەوە ببەستنەوە. وەك:

١- بە هـۆی (ی)ی مـۆرفیمی پەیوەنـدی. وەك: ئـازادی کـوڕی نـەوزادی، بـرای بـەهزادی، مامۆستای قوتابخانەی گەڕەگی خۆمان، بە ئوتۆمبێلێکی سوری تاریکی جـۆری کوپـەیی، تامپۆنێکی خرا پی کرد.

٢- بە هۆی مۆرفیمی (ە)ی بەستن. وەك: کوڕە قوتـابیـە هـەژارە زیرەکـە باڵابەرزەکـە، بـە یەکەم دەرچو.

٣- بە هۆی ئامرازی (و)ی خستنەسەر: هۆزان و هۆنراو و هانـا و هـێلان، لـە قوتابخانـە و سەیران و یاریکردن و ماڵەوە هەر بە یەکەوەن.

## (( پەراوێزەکانی بەشی یەکەم ))

١ــ لە زماندا هیچ ڕستەیەك بێ کار نابێ، چونکە ڕستە لە ڕوی واتاوە، بون و نەبونی ڕوداوێك دەگەیێنێ، لە کاتی ڕابوردو بێ، یا ڕانەبوردو (ئێستا + داهاتو). ڕوداویـش واتـە؛ گەیانـدنی بـارودۆخی تـەنێك، وەستاو بێ یا جوڵاو. هەر بۆیەشـە، ڕسـتە بـەبێ توخمێـك (فرێـزی نـاوی) و کارێـك (فرێـزی کـاری) دروستنابێ. دۆخە وەستاوەکە (کە نیشاندانی باری ئێستای توخمەکەیە و تـەنیا لـە خسـتنە ڕوی کـاتی ئێستای توخمەکە ڕودادەدا) و تەنیا لەم بارەدا ڕەگی چاوگی ئارایی (({هە} بون)) دەتوانـێ، ئـەم ڕۆڵـە بگێڕێ، چونکە لە کاتی ئێستادا دەرناکەوێ، وای لە هەندێ زمانەوانە کوردەکان و ناکوردەکان کردوە باوەڕ بە بونی ڕستەی ناوی (ڕستەی بێ کار) بکەن. هەندێ زمانەوانی تر ڕێچـکەی ئـەوەیان گرتـوە، مـۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا بە کار دابنێن و ناوی (کاری بێهێز)ی لـێ بنێن. لە هەمو کارێکی زمانی کوردیـدا، دوای ڕەگی کار مۆرفیمی کات دێ و ڕاناوە لکاوەکانیش پێشـگر بـن، یـا پاشـگر ڕۆڵـی توخمـەکان دەردەخـەن.

بەراوردی ئەم ڕستانە بکە:

| | فرێزی ناوی | ڕەگی چاوگی (بون) | مۆرفیمی کات | ڕاناوی لکاوی ك٣تاك |
|---|---|---|---|---|
| ١ـ | پیاو | بـ ﴿دەرنەکەوتوە﴾ | ە ﴿کاتی ئێستا﴾ | سفر ﴿دەرنەکەوتوە﴾ |
| ٢ـ | پیاو | بـ ﴿دەرکەوتوە﴾ | ێ ﴿کاتی داهاتو﴾ | سفر ﴿دەرنەکەوتوە﴾ |
| ٣ـ | پیاو | بـ ﴿دەرکەوتوە﴾ | و ﴿کاتی ڕابوردو﴾ | سفر ﴿دەرنەکەوتوە﴾ |

خشتەی (٣٠)

لە ڕستەی یەکەمدا، ڕەگی کار ( ب ) دەرنەکەوتوە، ئەگەر دەرکەوێ، ڕستەکە لە هەواڵدانی کاتی ئێستا دەگۆڕێ، بۆ ڕستەی فەرماندان و کەسەکەش لە کەسی سێیەمی تاک دەگۆڕێ بۆ دووەمی تاک.

لە ڕستەی یەکەم و دووەمدا، مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا ( ە ) و داهاتو ( ێ )، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاک دەردەکەون، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە و دەرناکەوێ، بەڵام لە کەسەکانی تر دەرناکەون، چونکە ڕاناوەکان ( م/ی/ین/ن/ن ) سفر نین و دەردەکەون.

دەشێ، کە مۆرفیمەکانی ( ە )ی ئێستا و ( ێ )ی داهاتو لە ڕستەیەکدا، ڕۆڵ ببینن، ئەو کاتە ڕستەکە دەبێتە کاتی ڕانەبوردو. وەك: ( پیاو <u>ە</u>+ب+<u>ێ</u>+سفر )، یان ( <u>ە</u>+ب+<u>ێ</u>+سفر بە پیاو ). هەروەها دەشێ، مۆرفیمەکانی ئێستاو ڕابوردو لە ڕستەیەکدا، ڕۆڵ ببینن، ئەو کاتە دەبێتە کاتی ڕابوردوی بەردەوام. وەك: ( پیاو <u>ە</u>+ب+<u>و</u>+سفر )، یان ( <u>ە</u>+ب+<u>و</u>+سفر بە پیاو ).

٢ـ زاراوەی ( توخم )مان لە بری ( کەس ) بەکارهێنا، چونکە وا باوە، ( کەس ) بە زۆری واتای مرۆڤ دەبەخشێ، بەڵام ئەو کەرەسانەی ڕۆڵی بکەر، یا بەرکار دەبینن لە ڕستەدا، مەرج نیە، هەردەم مرۆڤ بن، دەشێ گیانەوەرێ، یان بێ گیانێك بێ، بۆیە ویستمان زاراوەی ( توخم ) هەمو فرێزە ناویەکان بگرێتەوە.

٣ـ لەم خشتەیەدا، بە بێ پێشگر و پاشگرەکانی وەك ( هەڵ-، دا-، ڕا-، وەر-، ... -ەوە، ... ) پۆلینی زۆربەی چاوگەکان دەخەینەڕو:

| چاوگی تێپەڕ | تێنە پەڕی بکەری | چاوگی تێنە پەڕی بەرکاری |
|---|---|---|
| کوتان، پەستان، هەڵێنجان، دان، کێشان، پێکان،<br>پێوان، شێلان، کێڵان، هێڵان، نان، هێنان، ...<br>گرتن، گەستن، بێشتن، پاراستن، خواستن، خستن،<br>پەرستن، ڕستن، گواستن، بەستن، بیستن، ویستن،<br>لێستن، ناشتن، ڕشتن، چەشتن، هاژۆشتن، شوشتن،<br>کوشتن، کرۆشتن،فرۆشتن، ڕۆیشتن، هاوێشتن، وتن،<br>پەنداوتن، ئاخاوتن، ئەنگاوتن، پاڵاوتن، ...<br>بژاردن، شاردن، ژماردن، ناردن، خواردن، بردن،<br>کردن، بوردن، کەندن، خوێندن، ستاندن،<br>ڕەتاندن، ڕیخاندن، چەراندن، درکاندن،<br>تەکاندن، سەنگاندن، لاواندن، نواندن،<br>خایاندن، قیژاندن، چیڕاندن، لوراندن،<br>گرماندن، بۆڕاندن، زیڕاندن، زریکاندن،<br>میاواندن، قیڕاندن، حیلاندن، نەڕاندن، شیڕاندن،<br>فیکاندن، چریکاندن، جریواندن، لەنگاندن،<br>چرپاندن، گماندن، قاسپاندن، قوقاندن، ...<br>پاچین، قاچین، شاخین، هاڕین، بڕین، چڕین،<br>سڕین، سرین، کڕین، گۆڕین، دزین، دۆزین، مژین،<br>تۆژین، ناسین، واسین، پرسین، نوسین، تاشین،<br>بەخشین، دۆشین، گوشین، لوشین، پۆشین، کۆشین، | وەستان، چەرخان،<br>دامەزران، گوزەران،<br>تۆران، پاڕان-،<br>سوڕان، گەڕان،<br>لەوەڕان، سازان،<br>کڕوزان، نوزان،<br>گژان، ئاڕسان،<br>کاوان، دوان،<br>خولان، جوڵان،<br>ژیان، گریان،<br>ڕامان، ....<br>هاتن، نوستن،<br>گەیشتن، خەوتن،<br>سرەوتن، ...<br>حەپین، لەوچین،<br>باڕین، زەڕین،<br>فڕین، پەڕین،<br>وەڕین، خوڕین،<br>نازین، گەوزین،<br>گرژین، خشین، | چەسپان، قەپان، ڕوتان، سوتان،<br>فەوتان، ترنجان، قنجان،<br>گونجان، گرمخان، ڕوخان، خوران،<br>شۆران، وێران، پچڕان، دڕان، زڕان،<br>دۆڕان، زان، ترازان، برژان، بۆرژان،<br>ڕژان، کوژان، شلەژان، هەژان،<br>تاسان، پسان، ترسان، گیرسان،<br>ئاوسان، خەسان، خوسان، نوسان،<br>ئایسان، نەخشان، ترشان، ڕشان،<br>کشان، داڕوشان، درەوشان، داوەشان،<br>تلیشان، قلیشان، ئێشان، لەقان،<br>شلەقان، بریقان، تکان، بزرکان،<br>شکان، لکان، دامرکان، خلیسکان،<br>خنکان، تروکان، شەکان، پەشۆکان،<br>توان، ڕوان، بزوان، شێوان، گوان،<br>لوان، تلان، کولان، گلان، کوڵان،<br>مان، ڕمان، ڕوخان، پەلمان، کڕان،<br>دلۆپان، ...<br>باڕین، خزین، ڕزین، لەرزین،<br>بەزین، تەزین، تۆپین، تەقین، |

| | | |
|---|---|---|
| نۆشین، گلۆفین، مـالین، کـۆلین، زانـین، سمـین، | چـەقین، جـەنگین، | تۆقین، چـلەکین، کـۆکین، پـژمین، |
| توانین، ڕوانین، ڕنین، پشکنین، چـنین، ئـاخنین، | نالین، کەنین، | گەنین، مەیین، خەملین، ... |
| ژەنین، هۆنین، بینین، ... | | پشکوتن، کەوتن، ... |
| درون، سون، جون، هەنون، گرون، فەرمون، | | بون، هەبون، ... مردن، ... |

تێبینی ئەوە دەکرێ، هەندێ جار، بە گۆڕینی گیرەکەکان، یان گۆڕانی واتـا، پۆلی هەندێ چاوگ بگۆڕێ. هەندێ چاوگ دەتوانن، لە گەڵ دو پۆل ڕەفتا بکەن (تێنە پەڕی بکەری و بەرکاری)، وەك: (گریـان، ژیان، کشان ...):

ـــ تەنە ڕەقەکان بە گەرما دەکشێن. (تێنە پەڕی بەرکاری).

ـــ بە گەرما پلەی گەرما هەڵدەکشێ و بە سەرما دادەکشێ.

ـــ هێزەکانی هاو پەیمانان دوای ڕزگارکردنی کوێت کشانەوە. (تێنە پەڕی بەرکاری).

ـــ بە هاوین کۆچەرەکان بەرەو کوێستان هەڵدەکشێن و بە زستان بەرەو گەرمیان دادەکشێن.

هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێ، ڕستەی فەرماندان، لە تێنە پەڕی بەرکاری دروسـتناکرێ. ئەگـەر دروستکرا، واتـای چاوگەکە دەگۆڕێ. وەك: کاتێ دایکێك بە مناڵەکەی دەڵـێ: (بتۆپـە)، واتـای مـردن و تۆپین نادا، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە، (بخەوە). هەندێ جار، بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی، دەتوانرێ، جۆرێك لە فەرماندان لە (بون) دروستبکرێ، بەڵام ئەو کاتە (بون) واتـای (گواستنەوە لـە دۆخێکـەوە بـۆ دۆخێکی تر، یان - بون بە ...) دەدا، نەك ئارایی«عەبدولوەهاب-٤٤-٤٧». وەك: ببە بە پیاو، یـان ببـە پیـاو، پیاو بە، کە ڕەنگە فەرمان پێ کراوەکە لە ئارادا (لە بوندا) پیاو بێ، بەڵام ڕەفتاری پیاوانە نەبێ، یـان کە دەوترێ: (لە خوا بترسە!)، لێرەدا (ترسان)ەکە بێ خواست، یان نائەرەزومەندانـە (لا إیـرادی) نیـە. ئەمە ئەوە ناگەیێنێ، کە فەرماندان لە تێنە پەڕی بکەری واتـای تر نادا، وەك: (هەستە لە خەو ئەی لاوی کورد ...)، لێرەدا واتـای بنجی ڕستەکە (بێدار بونەوەیە لە نوستن) و واتـا خوازراوەکەشی (وشیار بونەوەیە لە بێ ئاگایی)، بەڵام لە فەرماندانی تێنە پـەڕی بـەرکاری، واتـا بنجیەکـە دەرناکـەوێ و تـەنیا واتـا خوازراوەکەی دوەم دەرەکەوێ.

جگە لەمەش بە زۆری لە تێنە پەڕە بکەریەکان، توخمەکە سودمەند دەبێ، یان زیانی پـێ ناگـا. بەڵام بە زۆری لە تێنە پەڕیە بەرکاریەکان، توخمەکە زیانی پێ دەگا. لەم دیاردەی زیـان پێگەیشـتنەدا، چاوگی {هە(بون)} ناوێزەیە. ئەگەرچی چاوگی {هە(بون)}، هەردەم تێنە پـەڕێکی بەرکاریـە، چـونکە توخمەکە ناتوانێ، ڕۆلیکی بکەریی ئارەزومەندی ڕەها بگێڕێ لە بون یا هەبونی شتێك. ئەگەر بە ئارەزوی توخمەکە بێ، بەم شتە ڕازی نابێ و داوای باڵاتر دەکا، بۆیە زۆربـەی بـە ناچـاری سوپاسـگوزاری بـون و هەبونەکانیەتی. بۆ نمونە: کە قوتابیەك دەڵێ: (دەبم بە مامۆستا.)، ئەمە بارودۆخەکە ناچاری کردوە، کە مامۆستایەتی هەڵبژێرێ، ئەگەر لە دەستی بێ، دەبێتە وەزیر، یا پاشـا. دەڵێن (فیرعـەون) پاشـای جیهان بو، داوای خوایەتی دەکرد.

ناوێزەیی {هە(بون)} لەوەدایە: توخمەکە لە بـون و هـەبونی شـتە باشـەکان، وەك: سـامان و خۆشی و ... هتد زەرەرمەند نابێ، بەڵام لە بون و هەبونی شتە خراپەکان، وەك: هەژاری و خەم و ناخۆشی

و ... هتد زیا نمەند دەبێ. بۆ نمونە: کە دەڵێین: (منالەکە بو.)، نازانین، ژیانی ئەو منالە چۆن دەبێ؟! لەم بارەیەوە خەیام دەڵێ:

هاتن بە دەستی خۆم نەبو هێنایانم، دەرچونە دەریش چۆن و کەیە؟ نازانم.

خۆزگە! نە هاتبام، نە چوبام، نە ببام، لەم گێرە و کێشەدا ڕەحەتبا گیانم.

٤ ــ هەرگیز ڕەگی کار وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەرناکەوێ، ئەگەر دەرکەوت، وەك ڕەگی کار ڕەفتار ناکا. بۆ نمونە: (دزەکە شتێکی دزی.) لێرەدا (دز)ی یەکەم ناوە و جیاوازە لە (دز)ی دوەم کە ڕەگی کارە.

٥ ــ (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو، مۆرفیمێکە، هێمایە بۆ کەسێکی نادیار، کە کارێکی بەسەردا هاتبێ. واتە؛ هێمای بەرکارێکی نادیارە. بە پێچەوانەی مۆرفیمی (ر)ی بکەر نادیار، کە هێمایە بۆ کەسێکی نادیار، کە کارێکی ئەنجام دابێ، یا ئەنجام بدا. واتە" جگە لەوەی هەردوکیان دەتوانن، ئاوەڵناوی دەسکرد دروستبکەن، وەك: ئاوەڵناوی کراوی (سوتاو، مردو، ڕزیو، دانیشتو....)، یان ئاوەڵناوی بکەری (نوسەر، سوتێنەر، تێکدەر، نامەبەر....)، جیاوازییان لەوەدایە لە ڕستەدا، (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو تەنیا لە ڕستەی ڕابوردودا بەکاردێ، وەك: (پوشەکە سوتاوە. نامەکە نوسراوە. کابرا کوژراوە....)، بەڵام دەتوانرێ، بە (ر)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی بکەر، ڕستەی ڕابوردو و ڕانەبوردوی لە بکەر نادیاردا پێ دروستبکرێ، وەك: (پوشەکە سوتێنرا/ دەسوتێنرێ. نامەکە نوسرا/ دەنوسرێ. کابرا کوژرا/ دەکوژرێ....).

مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو، لە دیالێکتی ناوەڕاستدا (و)ە، لە دیالێکتی ژورودا، دەبێتە (ی) و لە دیالێکتی خوارودا، دەبێتە (گ). وەك:

سوتاوە، مردوە، هاتوە، .... (دیالێکتی ناوەڕاست)

سۆتیە، مریە، هاتیە، .... (دیالێکتی ژورو)

سوزیاگە، مردگە، هاتگە .... (دیالێکتی خوارو)

٦ ــ چاوگێکی تێنەپەڕ و شەش چاوگی تێپەڕ هەن، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ڕەگەکانیان بە بزوێنی (ە) کۆتایی دێ، لە هەمو کەسەکان، تەنانەت لە کەسی سێیەمی تاکیش مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو دەرناکەوێ، لە بری ئەوە، لە بەر ئەوەی لە کەسی سێیەمی تاکدا ڕاناو دەرناکەوێ، (ە)ی بزوێنە کورتەکەی کۆتایی ئەم ڕەگانە، درێژ دەبێتەوە و دەبێتە (ا)ی بزوێنی درێژ. هەروەها ئەو چاوگانەی ڕەگەکانیان بە (وە) کۆتایی دێ، ئەم دو دەنگی (و) و (ە)یە، جگە لە کەسی سێیەمی تاك، لە هەمو کەسەکانی تر لێکدەدەن و دەبن بە (ۆ). واتە: (و + ە ← ۆ) ئەمانەش دیاردەی دەنگسازین و پەیوەندییان بە واتاوە نیە. چاوگەکانیش ئەمانەن:

| چاوگ | ڕەگی بنەڕەت | | یەکەمی تاک | دووەمی تاک | سێیەمی تاک | یەکەمی کۆ | دووەمی کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕەوتەن | ڕوە | دەڕۆØم | دەڕۆØی | دەڕواØØ | دەڕۆØین | دەڕۆØن |
| بردن | بەردەن | بە | دەبەØم | دەبەØی | دەباØØ | دەبەØین | دەبەØن |
| کردن | کەردەن | کە | دەکەØم | دەکەØی | دەکاØØ | دەکەØین | دەکەØن |
| خواردن | خوەردەن | خوە | دەخۆØم | دەخۆØی | دەخواØØ | دەخۆØین | دەخۆØن |
| دان | دادەن | دە | دەدەØم | دەدەØی | دەداØØ | دەدەØین | دەدەØن |
| شوشتن | شوەردەن | شوە | دەشۆØم | دەشۆØی | دەشواØØ | دەشۆØین | دەشۆØن |
| هاژۆشتن | هاژوەشتەن | هاژوە | دەهاژۆØم | دەهاژۆØی | دەهاژواØØ | دەهاژۆØین | دەهاژۆØن |
| خستن | خستەن | خە | دەخەØم | دەخەØی | دەخاØØ | دەخەØین | دەخەØن |

**خشتەی (٣١)**

**٧ ـــ جیاوازی نێوان ئاوەڵناوی کراو و ئاوەڵناوی سروشتی لە دو خاڵدا دەردەکەوێ:**

**١- ئاوەڵناوی کراو، سیما و ناوەرۆکێکی نوێ دەداتە پاڵ کەسەکە. واتە؛ لە بنەڕەتدا نەبوە و لە ڕابوردودا کارەکەی بە سەردا هاتوە. وەك: سوتاو، وەستاو، ڕژاو، دڕاو، دانیشتو، مەبیو، ترشاو،....هتد. بەڵام ئاوەڵناوی سروشتی، سیما و ناوەرۆکەکەی سروشتیە و لە بنەڕەتدا هەبوە. وەك: جوان، باش، خراپ، شیرین، ترش، قەڵەو، کورت....هتد.**

**٢- ئاوەڵناوی کراو، لە کاری تێپەڕی بکەردیار ئەگەر وشەیەکی لێکدراو نەبێ، بە دەگمەن دروستدەکرێ. وەك: گورگان خواردو، ماران گەستو، گرتوخانە....)، بەڵام لە بکەر نادیاردا، بە ئاسانی دروستدەکرێ. وەك: نوسراو، کوژراو، سوتێنراو....هتد.**

**٨ ـــ بۆ ڕونکردنەوەی فۆڕمی (ـــ ەتی)، بەراوردی ئەم ڕستانە بکە:**

| چاوگی (هەبون) لە گەڵ (ڕاناوی ڕێککەوتن) | | | | | چاوگی (هەبون) لە گەڵ (ڕاناوی خاوەنی + ڕاناوی ڕێککەوتن) | | | | | | وەرچەرخان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فرێزی ناوی | ئەرێ پێشگری | ڕەگی دەرنەکەوتوە (بون) | کاتی ئێستا مۆرفیمی | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | فرێزی ناوی | ئەرێ پێشگری | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی دەرنەکەوتوە (بون) | کاتی ئێستا مۆرفیمی | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | |
| من | هە | Ø | Ø | م | من | هە | مـ | Ø | ـە | Ø | |
| تۆ | هە | Ø | Ø | ی | تۆ | هە | تـ | Ø | ـە | Ø | |
| ئەو | هە | Ø | یـ (ناوبڕ) +ە | Ø | ئەو | هە | یـ | Ø | ـە | Ø | تـ (ناوبڕ) +ی |

**خشتەی (٣٢)**

**لە کەسی سێیەمدا دەبینین، کاتێ ڕاناوی خاوەنی پتر دەبێ، هاوشێوەی بەرامبەرەکەی (بە بێ ڕاناوی خاوەنی) دەبێ، کە لەوێشدا فۆڕمەکە بریتیە لە (هەیە ← هە + Ø + یـ (ناوبڕ) + ە + Ø)، ئینجا کە ڕاناوی خاوەنی پتر دەبێ، فۆڕمەکە هاوشێوەی یەکەم دەبێ و دەبێتە (هەیە ← هە + یـ + Ø + ـە + Ø)، بۆیە بۆ ڕزگاربون لە لێڵواتایی، وەرچەرخانێك ڕودەدا و وادادەنرێ، کە هەردو فۆڕمەکە هاوشێوەن، بەم شێوەیە (ی)ی ڕاناوی لکاو لە فۆڕمی دوەم، یەکسان دەبێ بە (ی)ی ناوبڕ لە فۆڕمی یەکەم، بەم شێوەیە پێویستیمان بە (ی)یێکی ڕاناوی لکاوی خاوەنی دەبێ، تاکو لە فۆڕمەکەدا خاوەنێتی کەسی سێیەمی تاك بنوێنێ و ئەم (ی)یەی ڕاناوی لکاوەکە، دەچێتە کۆتایی فۆڕمەکە و دەبێتە (هەیەی)، بەڵام**

لە نێوان هەردو بزوێنەکەی کۆتایی، پێویستیمان بە ناوبڕێـك دەبـێ و لـەم بـارەدا دەنگـی ( تــ ) ڕۆڵـی ناوبڕەکە دەبینێ و فۆڕمەکە دەبێتە ( هەیەتی ). لە سەرجەم داڕشتنە هاوشـێوەکانی ئـەم فۆڕمـەدا، ئـەم دیاردەیە دوبارە دەبێتەوە. وەك:

| ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | ڕاناوی خاوەنی +ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | | وەرچەرخان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فرێزی ناوی | ئەرگ پێشگری | ڕەگی (بون) دورنەکەوتوە | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | فرێزی ناوی | ئەرگ پێشگری | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی (بون) دورنەکەوتوە | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | |
| من | برا | Ø | Ø | م | ئەو | برا | مـ | Ø | ـە | Ø | |
| تۆ | برا | Ø | Ø | ی | ئەو | برا | تـ | Ø | ـە | Ø | |
| ئەو | برا | Ø | یـ (ناوبڕ)+ە | Ø | ئەو | برا | یـ | Ø | ـە | Ø | تـ ( ناوبڕ )+ی |

**خشتەی ( ٣٣ )**

هەروەها دەتوانی، بەراوردی بکەی لە گەڵ گۆڕینی کەسەکانی تر، کە وەرچەرخان نیە:

| ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | ڕاناوی خاوەنی +ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | | وەرچەرخان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فرێزی ناوی | ئەرگ پێشگری | ڕەگی (بون) دورنەکەوتوە | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | فرێزی ناوی | ئەرگ پێشگری | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی (بون) دورنەکەوتوە | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | |
| من | برا | Ø | Ø | م | من | برا | تـ | Ø | Ø | م | |
| تۆ | برا | Ø | Ø | ی | تۆ | برا | مانـ | Ø | Ø | ی | |
| ئەو | برا | Ø | یـ (ناوبڕ)+ە | Ø | ئەو | برا | یانـ | Ø | ـە | Ø | |

**خشتەی ( ٣٤ )**

٩ ـــ لە کرداری تێپەڕاندندا، ئەگەر بـە وردی سـەرنجی ڕۆنـانی چـاوگ بـدەین، دەبیـنین، بـە گشـتی پێکهاتون لە ( ڕەگ+مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+ {ن} ی چاوگ ). ئەم {ن} ی چاوگە، {ن} ێکی کۆی ئاسـاییە و هەمو ئەو ئەگەری ڕودانانە کۆ دەکاتەوە، کە ڕەگی کارەکە لە ڕابوردودا دەشێ ڕویانداببێ. بۆیـە {ن} ێکـی کۆی بێ لایەنە و ناگەڕێتەوە بۆ هیچ توخمێك، ئەم بێلایەنیەشە وایکردوە، مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی پێش {ن} ی چاوگ نەتوانێ، لە چاوگدا ڕۆڵی خۆی ببینێ، چونکە توخمێـك نیـە، تـاکو ڕەگـی کارەکـەی پـێ ڕا پەڕێنرێ. ئاشکرایە، کە {ن} ی چاوگ چاڵی سێیەمی چاوگ پڕ دەکاتەوە، کە لـە کـاتی گەردانکردنـدا ئەم چاڵە دەبێتە شوێنی توخمەکان. واتە؛ {ن} ی چاوگ شوێنی توخمەکانی پڕ کردۆتەوە و هەر کاتێـك لادرا، توخمێك دێتە شوێنی. بۆیە، لێرە دەگەینە ئە نجامێك، ئەگەر لە چاوگە تێنە پەڕەکاندا، {ن} ێکی تری چاوگ بخەینە دواى {ن} ی بنەڕەتی چاوگە تێنە پەڕەکان، ئەوا چـاڵێکی تـر، بـۆ تـوخمێکی تـر، زیادەبێ و بەمەش توانای چاوگە تێنە پەڕەکە لە بەڕێوەبردنی توخمێك دەگۆڕێ بۆ دو توخم. واتە؛ کارەکە لە تێنە پەڕ، دەگۆڕێ بۆ تێپەڕ. (عەبدوڵلا ١٣٠-١٣٦). وەك: ( سوتـان ← سوتـانن ← سوتـانـ م/ ت/ ی/ مـان/ .. )، ( وەسـتـان ← وەسـتـانن ← وەستانــ م/ ت/ ی/ مـان/ .. )، بـەڵام تێبـینی ئـەوەش دەکـرێ، ئـەو چـاوگە تێنە پەڕانەی مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردویان ( ا ) نیە، واتە؛ ( ا )یی نین، مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی ( ا ) دێتە جێی ئەلۆمۆرفەکەی تری. واتە؛ چاوگەکە دەگۆڕێ بۆ چاوگی ( ا )یی، ئینجـا ( ن )ێکـی تـر دەخرێتـە دواى

{ن}ی یەکەمی چاوگەکە و دەبێتە تێپەڕ، وەك : ( خزین ← خزان ← خزانن )، ( مـردن ← مـران ← مـرانن ) ( تەقین ← تەقان ← تەقانن ) ... هتد. جگە لـە شـێوەزاری سـلێمانی لـە شـێوەزارەکانی تـری دیـالێکتی ناوەڕاستدا، ( د )ێك دەکەوێتە نێوان هەردو {ن}ی چاوگەکە، کە ڕۆلیکی ئاسانکردنی گۆکردن دەبینێ لـەم شێوەزارانەدا و جگە لەمەش، دەبێتە مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوش، هەرچی ( ا )ی مۆڕفیمە یەکەمەکـەی کـاتی ڕابوردوە، لە بەر ئەوەی لە دوای گەردانکردنیشدا {ن}ــە ڕەسەنەکەی چاوگی هەر بە دوادا دەمێنێ، بۆیـە لە ڕوی گەیاندنی واتا ڕۆلی نامێنێ، بەلام ڕەفتاری خۆی هەر دەنوێنێ، واتە؛ لە ڕابوردودا هەر ( ا ) دەبێ و لە ڕانەبوردودا دەبێتە ( ێ )ی داهاتو. وەك:

أ ــ لە ڕابوردو:

ڕســــــتە     ڕەگی تێپەڕ     مۆڕفیمی ڕابوردو     بەرکار     بکەر

ســـــوتاندØی ـــــــ> ســـوتـان + د + Ø + ی

لەم جۆرە چاوگە تێپەڕێنراوانەدا، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕەگی چاوگە تێپەڕێنراوەکە یەکسانە بە خودی چاوگە ڕەسەنە تێنە پەڕەکە، کە لـەم نمونەیـەدا ( سـوتـان )ە. ئـەم ڕەگـەش لـە خـودی خۆیـدا پێکهاتوە لە: ڕەگ ( سوت ) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو ( ا ) + نونی چاوگ ( ن ).

ب ــ لە ڕانەبوردو:

ڕســــــتە     مۆڕفیمی ئێستا     بەرکار     ڕەگی تێپەڕ     مۆڕفیمی داهاتو     بکەر

دەیسوتێنێØ ـــــــ> ( ئـ/د ) ە + یـ + ســـــوتێنـ + ێ + Ø

تەنیا جیاوازی لە نێوان ئەم ڕەگە لە ڕابوردو و ڕانـەبوردودا، گـۆڕانی مـۆڕفیمی کاتەکەیـە لـە ڕابوردو بۆ داهاتو، کە لەم بارەدا، ڕۆلی کات ناگێڕن، چونکە نونی چاوگیان بە دوادا هاتوە و ئەمەش بـە هۆی ئەوەی، نونی چاوگ، نونێکی کۆی بێ لایەنە و ناگەڕێتەوە بۆ هیچ توخمێك.

## بەشی دوەم

ڕستەی ناسادە

ڕستەی ناسادە ئەو ڕستانەن، کە پتر لە کارێکیان تیادایە و دەبن بە دو بەش:

( ٢ ) ڕســــــتەی نـاســـــــادە

| ( أ ) ڕستەی لێکدراو | | | | ( ب ) ڕستەی ناوێتە ( تێکەڵ ) | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هاوڕێك | پێچەوانە | هەڵبژاردە | نـــەرێ | پارستەی دیارخەری ناو | پارستەی دیارخەری کار |

خشتەی ( ٣٥ )

### یەکەم ــ ڕســــتەی لێکدراو:

ڕستەی لێکدراو، ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە پتر لە کارێکیـان تێدایـە و هـەر کارێك ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ، بەلام بەشدارییێکی هاوبەش لە نێوانیانـدا هەیـە، وەك هاوبەشیکردن لە هەمان فرێزی ناوی، چ بکەر بێ، چ بەرکار، یان بەشداریکردن لە ڕوی

کاتی ئەنجامدانی کارەکـان ...هتـد. ئـامرازە لێکـدەرەکانیش ڕۆلیکـی گـرنگ دەگێـڕن لـە پۆلینکردنی پەیوەندیی نێوان ڕستە سادە لێکـدراوەکان(رەفیق-٨٨). بۆیـە دەتـوانرێ، ڕسـتەی لێکدراو بە پێی ئامرازەکان یان بە پێی کاتی ڕوودانی کارەکانیان دابەش بکرێن:

**أ ـ پۆلینکردنی ڕستەی لێکدراو بە پێی ئامرازە لێکدەرەکان:**

دەتوانرێ، ڕستە لێکراوەکان بە پێی ئامرازە لێکدەرەکان بکرێن بە چوار جۆر:

١- *لێکدراوی هاوڕێک*: ( و، ئینجا، ئەوجا، ئەوسا، هەروەها، وێرگول{،} ... )

ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە لە ڕوی ئەنجامدانی کاری ڕسـتەکانیان هـاوڕێکن و کاری هەمو ڕستە لێکدراوەکان لە شێوەی ئەرێن و هەمان ئاڕاستە وەردەگرن. باوترین ئامرازی لێکدەری ئەم جۆرە ڕستانەش، ئامرازی (و)ە. جگە لەوەی کە دەشێ، ئـەم جـۆرە ڕسـتانە بـە ئامرازی (ئینجا/ ئەوجا/ ئەوسا/ هەروەها )ش لێکبدرێن(Randolph-٢٠٧)، بەلام هەندێ جار بـێ ئامرازیش لێکدەدرێن و لە نوسیندا وێرگولێك {،} لە نێوانیان دادەنرێ. وەك:

ـــ هێلان لە خەو هەلسا و دەموچاوی شوشت و جلەکانی کردەبەری و چو بۆ قوتابخانە.

دەتوانرێ، لە جێی هەر (و)ێکی لێکدەر، هەر یەکێ لەم ئامرازە لێکدەرانەی خـوارەوە (ئینجا/ ئەوجا/ ئەوسا/ هەروەها/.. )، دابنرێ:

ـــ هێلان لە خەو هەلسا ئینجا/ ئەوجا/ ئەوسا/ هەروەها/ {،}/.. دەموچاوی شوشت و....

یان دەشێ، هیچ دانەنرێ، و وێرگولێك لە شوێنیان دابنرێ:

ـــ هێلان لە خەو هەلسا، دەموچاوی شوشت، جلەکانی کردەبەری، چو بۆ قوتابخانە.

لێرەدا، جگە لە ئامرازە لێکدەرەکان، دو فاکتەری تریش بونەتـە هـۆی بـە یەکـەوە بەستنەوەی ئەم ڕستانە، کە یەکەمیان ـ هاوبەشیکردنە لە بکەر، کە (هـێلان)ە و دوەمیـان ـ هەمو کارەکان لە ڕابوردوی سادەن و یەك لە دوای یەك ڕویانداوە.

٢- *لێکدراوی پێچەوانە*: ( بەلام، ئەگەرچی، هەرچەندە، لەگەلّ ئەوەشدا کە، ... )

ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە ڕودانی ڕستەی دوەم پێچەوانەی ئـەنجامی ڕسـتەی یەکەمە(کوردستان{چ}-٤٥). واتە؛ ئەگەر لە ئەنجامی ڕودانی ڕستەی یەکەم چاوەڕێی ڕودانی ئەرێی ڕستەی دوەم بین، ئەوا بە پێچەوانە دەبێتە نەرێ و ئەگەر چاوەڕێی نەرێ بین، دەبێتە ئـەرێ. وەك:

ـــ هۆنراو زیرەکە، بەلام ناخوێنێ.

ـــ ئەگەرچی/ هەرچەندە/ لەگەلّ ئەوەشدا (کە)/ هۆنراو زیرەکە، (بەلام) ناخوێنێ(١).

ـــ ئەگەرچی/ هەرچەندە/ لەگەلّ ئەوەشدا (کە)/ هۆنراو ناخوێنێ، (بەلام) زیرەکە.

واتە؛ زیرەك بون و نەخوێندن، دو کرداری ئاڕاستە پێچەوانەن، بەلام بە یەکەوە هاتون.

لەم نمونەیەی خوارەوەدا ڕونتر دەرەکەوێ، کاتێ یەکێك نەخۆش بێ، ناچێ بۆ قوتابخانە، بەڵام لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەدا، کارەکە پێچەوانەیە:

ـــ (ئەگەرچی/ هەرچەندە/ لەگەڵ ئەوەشدا (کە)/..) هۆزان نەخۆشە، کەچی/ بەڵام هەر دێ بۆ قوتابخانە.

٣- ***لێکدراوی هەڵبژاردە***: (یا/ یان/ یا ... یا / یان ... یان).

ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە، بە زۆری لە دو ڕستەی سادە پێکدێن و لە کاری هەردو ڕستەکەدا، تەنیا کاری یەکێکیان ئەنجام دەدەرێ و لە هەردوکیان یەکێ هەڵدەبژێردرێ، بۆیە ناوی هەڵبژاردەیان لێنراوە. بە تەنیا بە ئامرازی ﴿یا(ن)﴾ لێکدەدرێن، یاخود لە سەرەتای هەردو ڕستەکە دوبارە دەبێتەوە و دەبێتە ﴿یا(ن) .. یا(ن)﴾. ئەمەش پتر لە پەندی پێشینان بەرچاو دەکەوێ. وەك:

ـــ یا دانیشە، یان بڕۆ. / دانیشە یا بڕۆ.

ـــ یا دەبی بە خانی خانان، یا دەبی بە پوشی بانان.

ـــ یا زانا بە، یا پرسا بە.

٤- ***لێکدراوی نەرێ***: (نە ... نە)

هەندێ جار، لێکدراوی دو نەرێشی پێ دەوترێ، کە بە زۆری لە دو ڕستەی نەرێ پێکدێ و هیچیان جێبەجێ ناکرێن و بە هۆی ئامرازی (نە ... نە) لێکدەدرێن و ئامرازی (و)ی لێکدەریش دەتوانێ بەشداری لێکدانی ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە بکا. لە پەندی پێشینانیش زۆر دەبیسرێ. وەك:

ـــ نە دەمرێ (و) نە چاك دەبێ.

ـــ نە دادەنیشێ، نە دەڕوا.

ـــ نە شیری حوشتر، نە دیداری عەرەب.

ـــ نە ساڵی دو بەهار، نە پیاوی گوێ بە گوار، نە ژنی جوجکەدار.

**ب ـ پۆلینکردنی ڕستەی لێکدراو بە پێی دەمکاتی کارەکانیان:**

دەشێ، ڕستەی لێکدراو، بە پێی کاتی ڕودانی کاری ڕستە سادەکان بکرێتە دو جۆر: ڕستەی لێکدراوی هەمان کاتی و ڕستەی لێکدراوی پێش و دوا:

**جۆری یەکەم - ڕستەی لێکدراوی هەمان کاتی:**

ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستە سادەکانیان لە هەمان کاتدا ڕودەدەن و دەتوانین، سێ بەشیان لێ جیا بکەینەوە:

١- **لێکدراوی هاوڕوداو:** کاری سەرجەم ڕستە سادەکانی ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە، لە کاتێکی دیاریکراودا ڕودەدەن. واتە؛ هەمو کارەکان لە هەمان دەمکاتدان و هەمویان بە یەکەوە ڕودەدەن. ئەگەرچی لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕستەی یەکەم زەمینەیەك خۆشدەکا بۆ ڕودانی ڕستەکانی تر. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی (بە زۆری جگە لە ڕستەی یەکەم)، دەتوانرێ، شوێنی هەمو ڕستە سادەکانی تر بە ئاسانی ئاڵوگۆڕ بکرێن. وەك:

ـــ هەمومان کورد بوین، هەندێکمان بوین بە زەرد، هەندێکمان بوین بە سەوز، هەندێکمان بوین بە سور، هەندێکمان بوین بە سپی.

ـــ ئەی کوردینە پیاوی باش بن، یەکبگرن، ئەم هەلە لەدەسمەدەن، ئاگاداری خۆتان بن، پشتی یەکتر بەرمەدەن.

ـــ جاران ڕژێم دەیگرتین، ئازاری دەداین، کیمیا بارانی دەکردین، ئەنفالی دەکردین، لە سێدارەی دەداین، وڵاتە زلهێزەکانیش دەنگیان نەدەکرد.

٢- **لێکدراوی یەك ڕوداو:** ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە، بە زۆری لە دو ڕستەی سادە پێکدێن و تەنیا کاری یەکێ لە هەردو ڕستەکە ڕودەدا و جێبەجێ دەکرێ. بە زۆریش ئەم جۆرە ڕستانە لە شێوەی فەرماندان دەبن:

ـــ یا لەم لا بە، یان لەولا بە، چیتر ئەملا و ئەولا مەکە.

ـــ زانا بە، یا پرسا بە.

ـــ لە ئە نجامی ئەم ڕەفتارەت، یا دەتکەن بە خانی خانان، یا دەتکەن بە پوشی بانان.

٣- **لێکدراوی ڕونەداو:** لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەدا، کاری هیچ لە ڕستە سادەکان ڕونادا و جێبەجێ ناکرێ، چونکە هەمو کارەکان لە دۆخی نەرێدان و بە زۆریش ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە لە دو ڕستەی سادە پێکدێن، کارەکان، کەمتر لە ئاستی سەرەوە دەردەکەون، بە تایبەتی لە پەندە کوردیەکاندا:

ـــ نە پێڵاوی تەنگ، نە ماڵی بە جەنگ.

ـــ نە ساڵی دو بەهار، نە پیاوی گوێ بە گوار، نە ژنی جوجکەدار.

ـــ مناڵە چەقاوەسوەکەی دراوسێمان، نە دەخوێنێ، نە کارێك دەکا، نە گوێڕایەڵی دایك و باوکی دەبێ.

**جۆری دوەم – <u>ڕستەی لێکدراوی پێش و دوا</u>:**

ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستە سادەکانیان یەك لە دوای یەك ڕوودەدەن. واتە؛ کاری یەکەم دەستپێدەکا، دوای ئەو کاری دووەم و ئینجا کاری سێیەم و ... هتد. وەك:

ــ ڕا پەڕینمان دەستپێکرد، ئینجا کۆچڕەومان کرد، دوایی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمان دروستکرد و بڕیاری فیدراڵیمان ڕاگەیاند.

ــ کابرا بۆ ڕیش چو، کەچی سمێڵیشی نایە بانی.

ــ ڕژێمی سەددام شەڕی کوردی کرد، ئینجا شەڕی ئێرانی دەستپێکرد، پاشان کوێتی داگیرکرد، دواجار لە گەڵ هاو پەیمانان کەوتەشەڕ.

**<u>دوەم ــ ڕستەی ئاوێتە ( تێکەڵ ):</u>**

ڕستەی ئاوێتە، یا تێکەڵ ئەو جۆرە ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە، کە لە پتر لە ڕستەیەکی سادە پێکدێن و لە هەمو ڕستە سادەکاندا، تەنیا ڕستەیەکیان سەرەکیە ( Independent Clause ) و ناتوانرێ، لابدرێ، کە ( شارستە )ی پێ دەوترێ. سەرجەم ڕستەکانی تر لاوەکین ( Dependent Clause ) و دەتوانرێ، لابدرێن(F.S.Scott-١٦٣)، کە ( پارستە )یان پێ دەوترێ و هەر پارستەیەك، کەرەسەیەکی ڕستەی سەرەکی ڕونتردەکاتەوە و دیاریدەخا، بۆیە سەرجەم پارستەکان دیارخەرین. ئەو پارستانەی فرێزە ناویەکان ڕوندەکەنەوە، پارستەی دیارخەری ناوین (٢) و ئەوانەی فرێزە کاریەکە ڕوندەکەنەوە، پارستەی دیارخەری کارین:

١- ***<u>پارستەی دیارخەری ناو:</u>***

پارستەی دیارخەری ناو، ئەو جۆرە ڕستە لاوەکیانە دەگرێتەوە، کە ناوێك لە ناوەکانی ڕستەی سەرەکی ( شارستە ) پتر ڕوندەکەنەوە و دیاریدەخەن. بۆیە بە پێی ڕۆڵ و ئەرکی ناو لە ڕستەدا، ئەم جۆرە پارستانە، دەکرێن بەم بەشانەی خوارەوە:

**یەکەم - پارستەی دیارخەری بکەر:**

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا، پارستە لایەنێکی بکەری شارستە ڕوندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بکەری شارستە. بکەریش لە ڕۆنانی ڕستەی کاری تێپەڕ و کاری تێنە پەڕی بکەری دەردەکەوێ:

أ - بکەر لە کاری تێپەڕ:

| فریزی ناویی شارِستە (بکەر) | | پارستەی ناویی دیارخەری بکەر | فریزی کاریی شارِستە |
|---|---|---|---|
| ١ | رژێمی بەعس، | کە ئێستا لە زبڵدانی مێژودایە، | نیو سەدە کوردی چەوساندەوە. |
| ٢ | هاورێکەمان، | کە ساڵێکە گراوەتە بەرپرس، | کۆشکێکی مەرمەڕی دروستکرد. |
| ٣ | مۆبایل، | کە ئامێرێکی زۆر بچوك و تازەیە، | پەیوەندیەکانی ئاسانتر کردوە. |

خشتەی (٣٦)

لەم نمونانەدا ئاشکرا دیارە، کە هەر یەکە لە پارستەکانی ناویی دیارخەری بکەر، وەسفی لایەنێکی بکەری شارستەکە دەکا و ڕونیدەکاتەوە. بۆ نمونە، پارستەی (کە ساڵێکە لە زبڵدانی مێژودایە)، وەسفی بکەری شارستەکەی دەکا، کە (ڕژێمی بەعس)ە و ئەوانی تریش بە هەمان شێوە.....

ب - بکەر لە کاری تێنە پەڕی بکەری:

| فریزی ناویی شارِستە (بکەر) | | پارستەی ناویی دیارخەری بکەر | فریزی کاریی شارِستە |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو دیلە | ی کە چەند ساڵە چاوەڕێی دەکەین، | دوێنێ هاتەوە. |
| ٢ | پاڵەوانەکەمان | کە زۆر لاف و گزافی لێدەدا، | لە سەرەتای جەنگەکە هەڵهات. |
| ٣ | ئەو پێشمەرگانە | ی کە زۆر ئازا و دڵسۆز بون، | ئێستا زۆربەیان دانیشتون. |

خشتەی (٣٧)

لەم ڕستانەدا کارەکانی (هاتەوە، هەڵهات، دانیشتون) تێنە پەڕی بکەرین و فریزە ناویەکانیان (ئەو دیلە، پاڵەوانەکەمان، ئەو پێشمەرگانە) دەبن بە بکەری شارستە و هەریەکەیان بە پارستەی بەرامبەری وەسفکراوە.

**دووەم - پارستەی دیارخەری بەرکار:**

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا پارستە لایەنێکی بەرکاری شارستە ڕوندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بەرکاری شارستە. بەرکاریش (ئەو توخمەیە کە، کارێکی بەسەردا دێ) لە شێوەی ڕۆنانی سێ جۆرە ڕستەدا دروست دەبێ:

أ - بەرکار لە کاری تێپەڕ:

| شارستە | | | پارستەی دیارخەری بەرکار |
|---|---|---|---|
| | | بەرکار | |
| ١ | سەددام | هەڵەبجە | ی بۆردومانکرد، کە هیرۆشیمای کوردستانە. |
| ٢ | ئەبوجەعفەر | بەغدا | ی دروستکرد، کە پایتەختی عێراقە. |
| ٣ | شای ئێران | پێشەوا | ی لە سێدارە دا، کە سەرکۆماری مەهاباد بو. |

خشتەی (٣٨)

لەم نمونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کە هەر یەکە لە پارستەکانی ناویی دیارخەری بەرکار، وەسفی لایەنێکی بەرکارەکەی شارستە دەکا و ڕونیدەکاتەوە. بۆ نمونە پارستەی (کە

هێرۆشیمای کوردستانه )، وەسفی بەرکاری شارستەکەی دەکـا، کـە ( هەڵە بجە )یـە و ئـەوانی تریش بە هەمان شێوە.....

ب - بەرکار لە کاری تێنە پەڕی بەرکاری:

| | فرێزی ناویی شارستە (بـەرکـار/ کـارا) | پارستەی ناویی دیارخەری بەرکار/کارا | فرێزی کـاریی شارسـتە |
|---|---|---|---|
| ١ | بـارزانـی، | کە ناودارترین سـەرکردەی کوردە، | لە ساڵی ١٩٠٣ لە دایك بوە. |
| ٢ | سـوپای عێراق، | کە لـە سوپا بە هێزەکانی جیهان بو، | لە جەنگی کەنداو خراپ شکا. |
| ٣ | گـۆران، | کە شـاعیرێکی ناوداری کورد بو، | بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد. |

خشتەی (٣٩)

لەم نمونانەی سەرەوەدا، فرێـزە ناویـەکان بۆیـە بونەتـە بـەرکار، چـونکە کـاری شارستەکانیان ( بوە، شکا، مرد ) تێنە پەڕی بەرکارین، واتە؛ فرێزە ناوی ( نیهاد )ەکانیان بە ئارەزوی خۆیان کارەکانیان ئە نجام نەداوە، بەڵکو بەسەریاندا هاتوە.

تەنانەت هەندێ جار، ڕەگی کاری بون ( وەك لە ڕسـتەی هەواڵـدانی کـاتی ئێسـتا ) دەبێتە مۆرفیمی سفر و دەرناکەوێ، لەم بارەشدا فرێزە ناویەکەی هەر بەرکارە:

| | فرێزی ناویی شارستە (بـەرکـار/کـارا) | پارستەی ناویی دیارخەری بەرکار/کارا | فرێزی کاریی شارستە |
|---|---|---|---|
| ١ | کـورد، | کە نەتەوەیەکی ئاشتی خواز و بێلایەنە، | بێ پشـتوپەنایە. |
| ٢ | مـێگـر، | هـاویـنـەهـەوارێـکی زۆر خۆشـە، | شـەقامی نیە. |
| ٣ | هـەولـێـر، | کە پایتەختی هەرێـمی کوردسـتانە، | مزگەوتی یەکجار زۆرە. |

خشتەی (٤٠)

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، ( بـ )ی ڕەگی چاوگی ( بون )، یـان ( هـەبون ) دەرنەکـەوتوە و شوێنی لە هاوکێشەی ڕیزبەندی مۆرفیمەکان بەم شێوەیە دەردەکەوێ:

پشتوپەنایە = ( پشتوپەنا ) فرێزی ناوی / بـەرکاری بـە یاریـدە + ( بــ ) ڕەگـی کـار، کـە دەرنەکەوتوە، ( چونکە دەرکەوێ ڕستەکە دەبێتە فەرماندان ) + ( یـ ) ناوبڕی نێوان دو بزوێتە + ( ە ) مۆرفیمی کاتی ئێستایە + ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، کە سفرە و دەرنەکەوتوە و دەگەڕێتەوە بۆ ( کورد ).

دەشێ، شارستە ڕستەیەکی یەك وشەیی بێ و ڕەگی چاوگی ( بون )ی تیـا دەرنەکـەوێ. وەك لە ڕستەکانی ( دیارە، هەڵبەتە، ئاشکرایە، ..... ):

| | شـارسـتە | پارسـتەی دیارخـەری بەرکار |
|---|---|---|
| ١ | ئاشـکرایەØ، | کە دوژمنانی کورد دژی ئازادیی کوردسـتانن. |
| ٢ | هـەڵبـەتـەØ، | کە کـورد گـەلـێکی بێ پشـتیـوانـە. |
| ٣ | دیـارەØ، | کە بەرژەوەندیەکان بنەمای پەیوەندیی گەلانن. |

خشتەی (٤١)

دەشێ، (بـ)ی ڕەگی (بون) لە شارستەدا لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونبکرێتەوە:

| | شارستە | فریزی ناوی | ڕەگی بون | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاشکرایەØ، | ئاشکرا | بـ ← Ø | (یـ ناوبرە) + ـە | Ø بەرکار |
| ٢ | هەڵبەتەØ، | هەڵبەتە | بـ ← Ø | ـە | Ø بەرکار |
| ٣ | دیارەØ، | دیار | بـ ← Ø | ە | Ø بەرکار |

خشتەی (٤٢)

لێرەدا ڕاناوی لکاو دەبێتە بەرکار، چونکە کارەکە تێنە پەڕی بەرکاریە.

**سێیەم - پاڕستەی دیارخەری بەرکاری بە یاریدە:**

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا، پاڕستە، لایەنێکی بەرکاری بە یاریدەی شاڕستە ڕوندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بەرکاری بە یاریدەی شاڕستە. وەك:

| | شاڕستە | | پاڕستە | فریزی کاری شاڕستە |
|---|---|---|---|---|
| | فریزی ناوی | بەرکاری بە یاریدە | | |
| ١ | هێلان | بە ئوتومبێلەکەی، | کە تازەی کڕیبو، | هات. |
| ٢ | نامەیەکم | بە هۆنراودا، | کە کوڕە گەورەمە، | بۆ ناردی. |
| ٣ | شیعرێکم | لەو دەفتەرە | ی ،کە تازەی کڕیبو، | بۆی نوسیەوە. |

خشتەی (٤٣)

**٢- *پاڕستەی دیارخەری کار (ئاوەڵکاری):***

پاڕستەی دیارخەری کار، ئەو جۆرە ڕستە لاوەکیانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستەی سەرەکی (شاڕستە) پتر ڕوندەکەنەوە و دیاری دەخەن، بۆیە بە پێی ڕۆڵ و جۆری ڕونکردنەوەکەیان دەکرێن بەم بەشانەی خوارەوە:

**یەکەم - پاڕستەی دیارخەری کات:**

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا، پاڕستە، کاتی ڕودانی کاری شاڕستە ڕوندەکاتەوە، بە پەیوەستکردنی بە کارێکی کات زانراو. واتە؛ کاتی ڕودانی کاری پاڕستە زانراوە و بە هۆی ئەوەوە، کاتی ڕودانی کاری شاڕستەش دەزانرێ و دەتوانرێ، شاڕستە و پاڕستەش پاش و پێش بکرێن. بە زۆری لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا ئامرازی لێکدەری (کە) بەکاردێ. وەك:

| | پاڕستەی دیارخەری کات | شاڕستە |
|---|---|---|
| ١ | کە من هاتم، | ئەو لەوێ بو. |
| ٢ | کە تۆ دەچوی، | من دەگەڕامەوە. |
| ٣ | کە کار لە کار ترازا، | برا دەبێتە برازا. |

خشتەی (٤٤)

**دوەم - پاڕستەی دیارخەری هۆ:**

ئەم جۆرە پارستانە، هۆی ڕودانی کاری شارستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی ( چونکە، لەبەرئەوەی، لەبەرئەوەی کە ) تیایاندا بەکاردێن و دەتوانرێ، بە ئاسانی شوێنی شارستە و پارستە ئاڵوگۆڕ بکرێن. وەك:

| شارستە | پارستەی دیارخەری هۆ |
|---|---|
| ١ چونکە یەکناگرین، | سەرناکەوین. |
| ٢ لەبەرئەوەی ئاستی زانستیمان نزمە، | کورد زانای تیا هەڵنەکەوتوە. |
| ٣ لەبەرئەوەی قسەکانی حەق و ڕەقن، | لای کاربەدەستان پەسەند نیە. |

خشتەی (٤٥)

**سێیەم - پارستەی دیارخەری ئەنجام:**

ئەم جۆرە پارستانە، ئەنجامی ڕودانی کاری شارستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی ( بۆیە، لەبەرئەوە ) تیایاندا بەکاردێن و دەتوانرێ، بە ئاسانی شوێنی شارستە و پارستە ئاڵوگۆڕ بکرێن. وەك:

| شارستە | پارستەی دیارخەری ئەنجام |
|---|---|
| ١ یەکناگرین، | بۆیە سەرناکەوین. |
| ٢ ئاستی زانستیمان نزمە، | لەبەرئەوە زانامان تیا هەڵنەکەوتوە. |
| ٣ قسەکانی حەق و ڕەقن، | لەبەرئەوە لای کاربەدەستان پەسەند نیە. |

خشتەی (٤٦)

شایانی باسە، پارستە دیارخەرەکانی هۆ و ئەنجام پێچەوانەی یەکترن. واتە؛ ئەگەر شارستە و پارستەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەین، لەگەڵ گۆڕینی ئامرازە لێکدەرەکانیان، پارستەکانی هۆ و ئەنجام ئاڵوگۆڕ دەبن.

**چوارەم - پارستەی دیارخەری ئامانج:**

ئەم جۆرە پارستانە، ئامانجی ڕودانی کاری شارستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی ( بۆ ئەوەی، تا، هەتا، تاکو، هەتاکو، ... ) تیایاندا بەکاردێن. وەك:

| شارستە | پارستەی دیارخەری ئامانج |
|---|---|
| ١ کورد تێدەکۆشێ، | بۆ ئەوەی مافی چارەنوسی دابین بکا. |
| ٢ ئێمە ڕاپەڕین، | تاکو کوردستان ڕزگار بکەین. |
| ٣ کابرا ئەو هەمو مەراییە دەکا، | تا بیکەن بە شتێك. |

خشتەی (٤٧)

**پێنجەم - پارستەی دیارخەری پێوانە:**

ئەم جۆرە پارستانە، بڕ و ڕادە و پێوانەی ڕودانی کاری شارستە دەردەخەن. واتە؛ بوار و سنوری کارکردنەکەی دەستنیشاندەکەن. بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی (کە، تا، هەتا،

تاکو، هەتاکو...) تیایاندا بەکاردێن. جگە لەمەش، لە شارستەدا دیارخەرێکی نادیاری پێوانە وەك (بە ڕادەیەك، هێندە، ئەوەندە ...) لە پێش ئاوەڵناوی شارستەکە هاتوە و ئەرکی پارستە دەرخستن و سنوردارکردنی ئەو دیارخەرەیە. هەر ئەم دیارخەرانە دەبنە خاڵی سەرەکیی جیاکردنەوەی پارستەی دیارخەری پێوانە، لە پارستەی دیارخەری ئامانج. وەك:

| | شارستە | پارستەی دیارخەری پێوانە |
|---|---|---|
| ١ | کوردستان بە ڕادەیەك ڕازاوەیە، | کە هەر باسی ناکرێ!. |
| ٢ | کەلوپەلەکان هێندە گران بون، | کە نەمتوانی هەڵیانبگرم. |
| ٣ | کچەگاوان ئەوەندە جوان بو، | تا برای خۆشی حەیرانی دەبو. |

خشتەی (٤٨)

**شەشەم - پارستەی دیارخەری مەرج:**

ئەم جۆرە پارستانە، مەرجی ڕودانی کاری شارستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازی لێکدەری (ئەگەر/گەر) تیایاندا بەکاردێ. وەك:

| | پارستەی دیارخەری مەرج | شارستە |
|---|---|---|
| ١ | ئەگەر گوڵ نی، | درکیش مەبە. |
| ٢ | (ئەگەر) پشتت سەفین بێ، | تف لە ئاسن بکە. |
| ٣ | گەر خودا دەستمان بدا، | کوردستان یەکدەخەینەوە. |

خشتەی (٤٩)

لەم جۆرە ڕستە ئاوێتانەدا، پارستە دەبێتە ڕستەی مەرج و شارستەش دەبێتە وەڵامی مەرج(ئازاد-٨١).

((پەراوێزەکانی بەشی دوەم))

(١) ئەگەرچی لە هەندێ سەرچاوەی وەك (سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، د. کوردستان موکریانی، لاپەڕە (٤٥)دا، ئەم جۆرە ڕستەیە بە تێکەڵ دانراوە، بەڵام ئەم جۆرە ڕستانە لێکدراون و تێکەڵ نین، چونکە:

١- دەتوانرێ، بە لای کەمەوە یەکێ لە ئامرازە لێکدەرەکان لابدرێ:

ـــ (ئەگەرچی) هۆنراو زیرەکە، (بەڵام) ناخوێنێ.

ـــ ئەگەرچی هۆنراو زیرەکە، ناخوێنێ.

ـــ هۆنراو زیرەکە، بەڵام ناخوێنێ.

٢- هیچ ڕستەیەك وەسفی بەشێکی ڕستەکەی تر ناکا و لە بنەڕەتدا ڕستە سادەکان بەم شێوەیەن:

ـــ هۆنراو زیرەکە.

ـــ هۆنراو ناخوێنێ.

(٢) له ڕێزمانی دێریندا، هەڵەیەکی باو کراوە، ئەویش دانانانە بە بونی پاڕستەی ناوی. واتە؛ پاڕستە ڕۆڵی ناوێکی شاڕستە دەگێڕێ، ئینجا ناوەکە بکەر بێ، یان بەرکار. پاڕستەکانیش ناونراون بە (پاڕستەی جێگری بکەر)، یان (پاڕستەی جێگری بەرکار)، وەك: ﴿ پاڕستەی ناوی ئەو پاڕستانەن، کە جێگەی ناوێك لە شاڕستەدا دەگرنەوە، ئەو ناوانەش کە دەشێ، ئەم جۆرە پاڕستەیە جێگەیان بگرێتەوە، یان (بکەر)ن، یان (بەرکار)ن، کەواتە پاڕستەی ناوی دو جۆرە:-

١- پاڕستەی جێگری بکەر:-

١- ئاشکرایە، (کە) ئیمپریالیزم دژی ئازادیی گەلانە.

٢- دیارە، (کە) هەرێم ئەمساڵ دەردەچێت.

٢- پاڕستەی جێگری بەرکار:-

١- وتم، (کە) توخنی بێگانە مەکەون.

٢- ناتوانم، (کە) ئەم کارە بکەم. ﴾(عەبدوڵا-٨١).

لە ڕاستیدا، ئەم پاڕستانە جێگەی هیچ ناوێك لە شاڕستەدا ناگرنەوە، بەڵکو هەمویان بەرکارە دەرنەکەوتوەکەی شاڕستە (کە کەسی سێیەمی تاکە و ڕاناوەکەی سفرە) ڕوندەکەنەوە و دەریدەخەن.

شاڕستەکان بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە:

| شاڕستە | فرێزی ناوی | ناوبڕ | ڕەگی (بون) | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی ك٣تاك |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاشکرایە | ئاشکرا | یـ | Ø | ـە | Ø |
| دیارە | دیار | .... | Ø | ـە | Ø |

**خشتەی (٥٠)**

لێرەدا، پاڕستەکە بوەتە دیارخەر، بۆ ڕاناوە سفرەکەی کەسی سێیەمی تاك.

هەروەها لە ڕستەی ﴿ وتم، (کە) توخنی بێگانە مەکەون.﴾دا، شاڕستەی (وتم،) بەم شێوەیەیە:

وتم = (و) ڕەگی کار + (ت) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو +Ø ڕاناوی ك٣تاك بەرکار + (م) ڕاناوی بکەر.

دیسان لێرەدا، پاڕستەکە، بەرکارە سفرەکەی کەسی سێیەمی تاکی ڕونکردۆتەوە، کە – چی - وتوە؟ و بوەتە دیارخەری بەرکار.

هەروەها لە ڕستەی ﴿ناتوانم، (کە) ئەم کارە بکەم﴾دا، شاڕستەی (ناتوانم)، بەم شێوەیەیە:

ناتوانم = (نا) ئامرازی نەرێیە + (ی)ی ڕاناوی بەرکار سواوە + (توان) ڕەگی کار + (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو دەرنەکەوتوە + (م) ڕاناوی بکەر.

لێرەشدا، پاڕستە، بەرکاری شاڕستەی ڕونکردۆتەوە، کە ئەو شتەی ناتوانێ، بیکا، چیە؟.

## ﴿بەشی سێیەم﴾

پۆلینی ڕستە لە ڕوی گەیاندنی واتا (ئەرکە زمانەوانیەکانی ڕستە)

جگە لە پۆلینکردنی ڕستە لە ڕوی ڕۆنان و داڕشتنەوە، هەروەك لە بەشەکانی پێشەوە باسکرا، دەتوانرێ، لە ڕوی ئەرکی گەیاندنی واتا و مەبەستیش پۆلین بکرێ، کە هەندێ جار، لە ڕوی ناوەڕۆك(کوردستان-٦٠)، یان کردە قسەییەکانیشی(قیس-٢٨) پێ دەوترێ. زۆربەی

زمانەوانە کوردەکان، هەر لە زووەوە ئەم دابەشەیان کردوە و لەم ڕووەوە، تەنیا چوار بەشیان لە یەك جیاکردۆتەوە: ڕستەکانی ( هەواڵگەیاندن، پرسیار، فەرماندان و سەرسوڕمان )، بەڵام بە زۆری لایەنی داڕشتن و واتایان لە یەك جیا نەکردۆتەوە، هەرچەندە لە یەك ترازاندنیان کارێکی ئاسان نیە، چونکە دەنگەکان هەڵگری واتاکانن و پەیوەندییێکی لەخۆوەی ئەوەندە بە هێزیان پەیداکردوە، لە یەکتر دابڕینیان ئەستەمە، بەڵام ڕێزمانی دێرین خۆی بە هەڵاواردنی ئەم دو لایەنە ماندو نەکردوە و تێکڕایی باسکراون.

ئەوەی گرنگە، بۆ دەستنیشانکردنی هەر ئەرکێکی ڕستە، دەبێ، تەواو لە مەبەستی قسەکەر ( یا نوسەر ) بگەین و بە پێی مەبەستی وردی قسەکەر، ئەرکەکە دەستنیشان بکرێ. لە ئاخاوتندا هێز و ئاواز و هێما جوڵەییەکانی قسەکەر، یارمەتییێکی زۆری قسەکەر دەدەن بۆ گەیاندنی مەبەستە وردەکەی، بەڵام لە نوسیندا هەوڵدراوە، نیشانەکانی خاڵبەندیی ئەم ڕۆڵە بگێڕن، بۆیە فەرامۆشکردنیان دیاردەیەکی پەسەند نیە.

ژمارەی ئەرکە واتاییەکانی ڕستە، لە نێوان زمانەوانە هاوچەرخەکانیش هاویەك نیە، لە نێوان ( ٣ ) سێ ئەرك و پتر لە دە ئەرکدایە. لەم بەشەدا هەمو بەشەکان بە وردی باس دەکرێن و بە سەر حەوت جۆر دابەش دەکرێن و ئەگەری جیاکردنەوە و تێکەڵکردنەوەی هەندێ بەشیش دەخرێتە ڕو و سەربەستی تەواو بۆ خوێنەر جێ دەهێڵرێ، تا لە نێوان کەمترین و زۆرترین ژمارەی جۆرەکان کامەیان پەسەنددەکا، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ، کە تەنیا سێ ئەرکی یەکەمیان ڕەسەن و سەرەکین و ئەوانی تر لاوەکین و دەتوانرێ، لە گەڵ سێ ئەرکە سەرەکیەکە تێکەڵبکرێنەوە:

**<u>یەکەم: ئەرکی زانیاری و هەواڵدان:</u>**

ئەم ئەرکە، سەرەکیترین ئەرکەکانی ڕستەیە. دەشێ، ئەم جۆرە بە ئەرکێك دابنرێ و دەشێ، دابەشی دو بەش بکرێ:

١- ئەرکی زانیاری: لەم ئەرکەدا بیرۆکەی زانینێکی هەمیشەیی، واتا؛ زانیارییێکی بەردەوامی نەگۆڕ، کە لە مێشکی قسەکەر ( یا نوسەر )دا هەیە و دەتوانرێ، بە هۆی ئەو جۆرە ڕستەیەوە بگەیێنرێتە مێشکی گوێگر ( یا خوێنەر ). ئەم ئەرکە، بە زۆری بۆ گەیاندنی زانستەکان و بابەتی کەرەسە پێوراوەکان بە کاردێ. وەك:

ــــ ئاو لە سەد پلەی سەدی دەکوڵێ و لە سفر پلەی سەدی دەبەستێ.

ــــ زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

ــــ یەکەی خێرایی یەکسانە: بە یەکەی درێژی، لەسەر یەکەی کات.

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

( أ ) زانیاری له مێشکی قسەکەر ( یا نوسەردایە ) و دەگوێزرێتەوە بۆ مێشکی گوێگر ( یا خوێنەر ).

( ب ) ڕاست و هەڵەی تێ دەکەوێ.

( ج ) بابەتی زانیارییەکە دەربارەی دیاردەیەکی نەگۆڕە.

( د ) له قسەکردندا ئاوازی ڕستەکە ئاسۆیی و ڕێکە و له نوسیندا له کۆتایی ڕستەکە خاڵێک دادەنرێ.

٢ – ئەرکی هەواڵدان ( یا هەواڵگەیاندن ):

تەنیا جیاوازی له نێوان ئەم ئەرکە و ئەرکی زانیاریدا ئەوەیە، بابەتی زانیارییەکە له ئەرکی زانیاریدا، دەربارەی دیاردەیەکی نەگۆڕە، واتە؛ له کۆندا هەر وابوە و ئێستاش هەروایە و له داهاتوشدا هەر وا دەمێنێ، بەڵام بابەتی زانیارییەکە له ئەرکی هەواڵداندا، دەربارەی دیاردەیەکی گۆڕاوە، واتە؛ هەواڵێکە نەك زانیارییێك و له کۆندا نەبوە و له دواییدا هاتۆتە ئارا و له کۆتاییشدا نەماوە یا نامێنێ. وەك:

ــــ شەڕی چاڵدێران، بوە هۆی یەکەم دابەشکردنی کوردستان.

ــــ هێزی هاوپە یمانان، ڕژێمی سەددامی دیکتاتۆریان ڕوخاند.

ــــ ڕۆژێك دێ، له کوردستان نەوت نامێنێ و ڕۆلی ئاو بایەخدار دەبێ.

دەشێ، ئەم دو ئەرکە تێکەڵ یەك بکرێن و بە یەك ئەرك دابنرێن: ( ئەرکی زانیاری و هەواڵدان )، چونکە هەمو سیماکانیان وەکو یەکە و تەنیا له سیمایەك جیان، کە هەمیشەیی زانیاری و ناهەمیشەیی هەواڵە، کە هەندێ جار، ڕاستی دیاردەکە یا باوەڕەکە له کەسێك بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، وەك: بونی خوا، فریشتە، جنۆکە... لای ئایندار و بێ ئایینەکان.

ئەوەی شایانی باسە، له ( ئەرکی زانیاری و هەواڵدان )دا، ئەگەر زانیاری یا هەواڵەکە، ڕاست نەبو و قسەکەریش ڕاستیەکەی نەدەزانی، واتە؛ هەڵەکەی ئەنقەست نەبو، ئەوا بیرۆکەکە هەڵەیە، بەڵام ئەگەر قسەکەر ڕاستیەکە بزانێ و بە ئەنقەست بە هەڵە بیداتە گوێگر، ئەوا له بری هەڵە پێی دەوترێ: ( درۆ ). بۆیە دەتوانرێ، بوترێ: ئەم ئەرکە ڕاست و هەڵە یا ڕاست و درۆی تێ دەکەوێ.

دوەم: ئەرکی پرسیاری:

ئەرکی پرسیاری ( یا پرسیارکردن )، دوەم ئەرکی سەرەکی ڕستەیە و کوتومت پێچەوانەی ئەرکی زانیاری و هەواڵدانە. لەم ئەرکەدا، زانیارییەکە له مێشکی گوێگر( یا خوێنەر)دایە و قسەکەر( یا نوسەر ) داوای دەکا(ابوبکر-٣). وەك:

ــــ ناوت چیە؟

ـــ کەی کۆماری مەهاباد دامەزرا؟

ـــ ئایا کوردستانێکی یەکگرتو دروست دەبێ؟

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

( أ ) زانیاری لە مێشکی گوێگر ( یا خوێنەردایە ) و دەگوێزرێتەوە بۆ مێشکی قسەکەر ( یا نوسەر ).

( ب ) ڕاست و هەڵەی تێ ناکەوێ. واتە؛ پرسیار هەر پرسیارە و قسەکەر ناتوانێ، پرسیارێکی هەڵە بکا، چونکە خۆی زانیاری دەربارەی شتەکە نیە.

( ج ) مەرجی ڕستەی پرسیارکردن ئەوەیە، دەبێ قسەکەر چاوەڕێی وەڵام بکا، ئەگەر چاوەڕێی نەکرد، ئەوا مەبەستی پرسیار نیە. وەك: کوێ؟، چۆنی؟... هتد، ئەمانە ئەرکێکی ترن، هەرچەندە دەشێ، بخرێنە ناو گروپی ئەرکی پرسیاری.

( د ) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە لە ئاسۆیی بەرەو بەرزیە و لە نوسیندا لە کۆتایی ڕستەکە نیشانەی پرسیار دادەنرێ.

هەڵبەتە، وەڵامی ئەرکی پرسیاری بە ئەرکی یەکەم ( زانیاری و هەواڵدان ) دەدرێتەوە. لە ڕێزمانی دێریندا وا باو بو، کە دەبوایە، وەڵامی پرسیارەکە بە تەواوی بدرێتەوە. واتە؛ کاتێ دەپرسن: ناوت چیە؟. دەبوایە، بڵێیت: ناوم فڵانە. بەڵام لە ڕێزمانی هاوچەرخدا، دەتوانی، تەنیا ناوی خۆت بڵێیت، چونکە: یەکەم – ئاستی ناوەوە و ئاستی دەرەوە دۆزرایەوە و دوەم – لە زانستەکاندا تۆ یاسا دەدۆزیتەوە و یاسا دروست ناکەی و بە زۆر بیسە پێنی بە سەر کەرەسەکاندا، واتە؛ ئێستا لەبری وەڵامی: من ناوم فڵانە. دەتوانی بڵێی ( یا بنوسی ): فڵان.

لە ڕستەی پرسیاریدا، بۆشاییەکی زانیاری لە مێشکی قسەکەردا هەیە، داوا لە گوێگر دەکا، ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ بکاتەوە. گەرچی هەندێ جار، ئەو زانیاریەی قسەکەر داوای دەکا خۆی دەیزانێ، وەك ئەو پرسیارانەی مامۆستا لە قوتابیەکانی دەکا. بەڵام لێرەدا قسەکەر( مامۆستا )، شتێکی تر نازانێ و ناڕاستەوخۆ داوای دەکا، ئەویش: ئایا گوێگر ( قوتابیەکان ) ئەو شتە دەزانن، یان نا؟.

**سێیەم: ئەرکی فەرماندان و داخوازی و خۆزگەیی ( ئەرکی ئارایی ):**

فەرماندان، سێیەم ئەرکی سەرەکیی ڕستەیە، ئەرکی فەرماندان و داخوازی ئەوەیە، کە قسەکەر داوا لە گوێگر دەکا، کارێکی بۆ ئەنجام بدا. واتە؛ داوای نواندنێکی کارەکیی لێ دەکا، ئینجا نواندنەکە قسە بێ یان جوڵە. دەتوانرێ، پێی بگوترێ ئەرکی ئارایی، چونکە مەبەستی قسەکەر هاتنە ئارایی شتێکە. ئەم ئەرکە دەکرێتە سێ بەش:

أ- فەرماندان: لەم بەشەدا، کەسی یەکەم (قسەکەر یا نوسەر)، ڕاستەوخۆ داوا لە کەسی دووەم (گوێگر یا خوێنەر) دەکا، کە کارێکی لە کاتی ئێستادا بۆ جێبەجێ بکا. ئەم بەشەش بە دو شێوە ئەنجامدەدرێ:

١- فەرمانی بەهێز: لێرەدا، قسەکەر(/فەرماندەر)، چ لە پلە و پایە بێ، یان تەمەن، لە گوێگر گەورەترە و دەسەڵاتی بە سەر گوێگر(/فەرمان پێکراو)دا دەڕوا. فەرمانەکانیش بە زۆری بچوکترین ڕستەی سادەن و کەمتر گرێی ئامادەکاری، یان ڕونکردنەوەیان لە گەڵدایە. وەك:

ـــ بۆ پێشەوە بڕۆ / بڕۆن، هەڵمەت بەرە / هەڵمەت بەرن.

ـــ ێنوسەکەت دانێ. پێنوسەکانتان دانێن.

ـــ بنوسە / بنوسن.

سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:

(أ) قسەکەر داوای ئەنجامدانی ئەرکێك لە گوێگر دەکا لە کاتی ئێستادا. مۆرفیمی کاتی ئێستاش (ە) لە کەسی دووەمی تاکدا دەرەکەوێ، (ئەگەر ڕەگەکە کۆتایی بە بزوێن نەهاتبێ،) چونکە گوێگر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرامبەر قسەکەرە، تێی دەگا و پێویست بە ڕاناوی لکاو ناکا و دەبێتە سفر (Ø)، بەڵام لە کەسی دووەمی کۆدا، مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) دەرناکەوێ، چونکە (ن)ی ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ دەرەکەوێ، تاکو جیابکرێتەوە لە کەسی دووەمی تاك. وەك: بنوسەØ، بنوسØن.

(ب) ڕاست و هەڵەی تێ ناکەوێ.

(ج) داواکاریەکە (واتە؛ شتە داواکراوەکە)، بە زۆری کارەکیە و دەشێ، زارەکیش بێ، (وەك، داواکردنی وتنی شتێك).

(د) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە ئاسۆییە، لە کۆتاییدا بەرەو خوارەوەیە و لە نوسیندا لە کۆتایی ڕستەکە خاڵێك دادەنرێ.

(ه) بۆ نەرێکردنی ئەم جۆرە ڕستانەی فەرماندان، پێشگری نەرێی (مە) لە بری (بـ)ی مۆرفیمی فەرماندان (هاتنە ئارایی) دادەنرێ.

٢- فەرمانی بەڕێز: لێرەدا، قسەکەر، چ لە پلە و پایە بێ، یان تەمەن، لە گوێگر بچوکترە، یان هاوتەمەنن و دەسەڵاتی بە سەر گوێگردا ناڕوا. هەندێ جار، ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتیشی بە سەر گوێگردا بڕوا، نایەوێ، فەرمانەکەی بە شێوەیەکی بەهێز بەسەردا بچەسپێنێ و لە بری ڕێگەی هێز و سەربازی، ڕێگەیەکی دیپلۆماسی ئەگرێتەبەر.

فەرمانەکانیش هـەرگیز بچـوکترین ڕسـتەی سـادە نـین و هـەردەم گرێـی ئامادەکـاری یـان ڕونکردنەوە و مەراییییان لە گەڵدایە. وەك:

ـــ بە یارمەتیت، هەرچەندە بە کاری تۆ ناشێ، جامێك ئاوم بۆ بێنە.

ـــ بەڕێزتان گەر بە گرانی نازانن، ئەم داواکاریەمان بۆ واژۆ بکە.

ـــ فەرمو، مێوان بە.

ـــ ببورن، تکایە بێدەنگبن.

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

سیماکانی ئەم جۆرە فەرماندانە (بەڕێز/ بێهێـز)، هـەمان سـیماکانی فەرمانـدانی بەهێزن، تەنیا جیاوازییان لەوەدایە: یەکەم ـــ لە فەرماندانی بەڕێزدا، ئاوازەکە نەرمترە و لە هەواڵدان نزیك دەبێتەوە. دوەم ـــ لەسەرەتای ڕستەکەدا، وشەیەك، دەستەواژەیەك، یـان ڕسـتەیەکی پاڕانــەوە، یــان داوای نــەرم هەیــە. وەك: فــەرمو، تکایــە، بێ زەحمــەت، بــە یارمەتیت،.....

**ب- داخوازی:** لەم بەشەدا، کەسی یەکەم (قسەکەر یا نوسەر)، چ تاك بێ، چ کۆ، ڕاسـتەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، داوا لە هەر یەکێك بیەوێ، لە هەر شەش کەسەکە (تەنانەت خۆیشی) دەکا، کە لە کاتی داهاتودا، کارێکی بۆ جێبەجێ بکا:

**لە کاری تێنە پەڕ:**

| ڕستەی داخوازی | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | ڕانـــاوی لـــکـــاو |
|---|---|---|---|---|
| بــچــØـم | بــ | چـــ | Ø | م کەسی یەکەمی تاك |
| بــچــØـی | بــ | چـــ | Ø | ی کەسی دوەمی تاك |
| بــچـــێØ | بــ | چـــ | ێ | Ø کەسی سێیەمی تاك |
| بــچــØـین | بــ | چـــ | Ø | ین کەسی یەکەمی کۆ |

خشتەی (٥١)

**لە کاری تێپەڕ:**

| ڕستەی داخوازی | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناوی بەرکار | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو | ڕانـــاوی لکـاوی بـکـەر |
|---|---|---|---|---|---|
| بینوســــØـم | بـ | یــ | نوسـ | Ø | م کەسی یەکەمی تاك |
| بماتنوســØـی | بـ | مانـ | نوسـ | Ø | ی کەسی دوەمی تاك |
| بتاننوســـــێØ | بـ | تانـ | نوسـ | ێ | Ø کەسی سێیەمی تاك |
| بیاننوســØـین | بـ | یانـ | نوسـ | Ø | ین کەسی یەکەمی کۆ |

خشتەی (٥٢)

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

(أ) قسەکەر، داوای ئەنجامدانی ئەرکێك لە گوێگر دەکا لە کاتی داهــاتودا. گـوێگر دەشـێ، هەر یەکێك بێ، لە شەش کەسەکە و ڕاناوی لکاو لە کەسی دوەمی تاکدا (ی)ی ئاساییە و سفر

( Ø ) نیە. مۆرفیمی کاتی ئێستا، لەم جۆرە ڕستانەدا نیــە و تــەنیا مـۆرفیمی کــاتی داهــاتو ( ێ/Ø ) هەیە، واتە؛ ئەنجامدانی کارەکە، هەردەم دوای کاتی ئێستا ( دەمی ئاخاوتن ) دەبێ.

( ب ) ڕاست و هەڵەی تێ نــاکەوێ.

( ج ) داواکاریەکە بە زۆری کارەکیە و دەشێ، زارەکیش بێ.

( د ) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە ئاسۆییە و لە کۆتـاییدا لادانی بەرەو خوارەوە زۆر کەمترە لە فەرماندانی بەهێز. لە نوسیندا، لە کۆتـایی ڕستەکە خاڵێك دادەنرێ.

( ه ) بۆ نەرێکردنی ئەم جۆرە ڕستـانەی فەرماندان، پێشگری نــەرێی ( نــە )، لــە بــری ( بـــ )ی مۆرفیمی فەرمـانـدان ( هـاتنە ئـارایی ) دادەنرێ. ئەگەر ڕستەی ئــەرێ و نــەرێ بــە دوای یەکـدا هـاتن، گومانداری و دودڵی لە ئەنجامدانی کارەکە دەگەیێنێ. وەك: ( بچم، نەچم؟! بینوسین، نەینوسین؟! ).

( و ) دەتوانرێ، ئەم جۆرە ڕستانە بۆ پاڕستەی مەرجیش بەکاربێن. وەك: ( ئەگــەر بــە یەکــەم دەربچی، خەڵات دەکرێی ).

ج- خۆزگەیی: جیاوازیی سەرەکیی ئەم بەشە، لەگەڵ داخوازیدا، ئەوەیە، کــە داخــوازی لــە کـاتی داهاتودایە، بەڵام خۆزگەیی لە کاتی ڕابوردودایــە. واتــە؛ لــە داخوازیــدا، قســەکەر ئاواتی ئەوە دەخوازێ، لە داهـاتودا شتێکی بۆ بهێنرێتە ئارا، کەچی لە خۆزگەییدا قســەکەر ئاواتی ئەوە دەخوازێ، لە ڕابوردودا شتێکی بۆ بهێنرێتە ئارا، بەڵام کـاتی ڕابــوردو بــە ســەر چوە و لە دەست دەرچوە و دەسەڵاتمان بە سەری نــەماوە، بۆیــە ئێســتا نــاکرێ، ئاواتەکــەی قسەکەر بهێنرێتە دی و داواکاریەکەی دەبێتە خۆزگەیی.

چۆنیەتی داڕشتنی ڕستەی خۆزگەیی، لــە نـاوچــەیەکەوە بــۆ نـاوچــەیەکی تــر ( بــە گونجانی فۆنۆلۆجی و ئاسانی دەربڕینی ناوچەکە )، دەگۆڕێ. بۆ نمونە ئەگەر بواری ڕودانــی کارەکە تەنیا لە ڕابوردو بێ، ئەم شێوازانە دەبیسترێن:

چـــوبام ... چوبای ... چوبـاØ ... چوبـاین ...

بـچـــوام ... بـچـوای ... بـچـــواØ ... بـچـــواین ...

بـچـــوبام ... بـچـوبای ... بـچـوبـاØ ... بـچـوبـاین ...

بەڵام ئەگەر بواری ڕودانی کارەکە لە ڕابوردودا تـا کـاتی ئێستا ( دەمی ئاخاوتن ) درێژ بکرێتەوە، ئەوا مۆرفیمی کـاتی ئێستاشی دێتە سەر. وەك:

چـــوبامایە ... چوبایتایە ... چوباØیە... چوبـاینایە ...

بـچــوامایە ... بـچـــویتایە ... بـچـــواØیە... بـچـــواینایە ...

بـچــوبامایە ... بـچـــوبایتایە ... بـچـــوباØیە... بـچـــوبـاینایە ...

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

( أ ) قسەکەر، ئاواتی ئەنجامدانی ئەرکێك لە کاتی ڕابوردودا، لە گوێگر دەخوازێ. گوێگر دەشێ، هەر یەکێك بێ لە شەش کەسەکە. بەڵام لەبەرئەوەی کاتەکە ڕابوردوە، کارەکە ئەنجام نادرێ و دەبێتە خۆزگەیی.

( ب ) ڕاست و هەڵەی تێ ناکەوێ.

( ج ) داواکاریەکە بە زۆری کارەکیە و دەشێ، زارەکیش بێ.

( د ) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە ئاسۆییە. لە نوسیندا، لە کۆتایی ڕستەکە خاڵێك، یان نیشانەی سەرسوڕمان دادەنرێ.

( ه ) بۆ نەرێکردنی ئەم جۆرە ڕستانەی فەرماندان، پێشگری نەرێی ( نە )، لە بری ( بـ )ی مۆرفیمی فەرماندان ( هاتنە ئارایی ) دادەنرێ ( تەنیا ئەگەر پێشگر بێ ) .

( و ) دەتوانرێ، ئەم جۆرە ڕستانە بۆ پاڕستەی مەرجیش بەکاربێن، وەك: ( ئەگەر بە یەکەم دەرچوبای، خەڵات دەکرای ).

**<u>چوارەم: ئەرکی هەستدەربڕین ( سەرسوڕمان ):</u>**

لەم بەشەدا، قسەکەر هەستی پەنگخواردوی خۆی بە ڕاستی و بێ دەسکرد، بەرامبەر هەر توخمێك بە چاکە یا خراپە دەردەبڕێ. دەتوانرێ، ئەم بەشەیان بکرێتە دو جۆر:

أ- <u>هەستدەربڕین بە چاکە</u>: لێرەدا، قسەکەر ئەوپەڕی ڕەزامەندیی خۆی دەربارەی توخمی مەبەستەکەی دەردەبڕێ و بێ ئەوەی توخمەکە( کەسەکە ) ببیبیسێ، یا نەیبیسێ، قسەکەر هەست و نەستی خۆی بە ڕاستی و بە چاکە دەردەبڕێ. واتە؛ قسەکەر، هیچ مەبەستێکی نیە، تەنیا هەستدەربڕین نەبێ. وەك، لە ڕستەی سەرسوڕمان و شیعری وەسفی و پیاهەڵدانی بێ درۆ و نزا و پاڕانەوە و گۆرانی و ...هتد:

سەرسوڕمان: ( وای، ) لەم شاخە بەرزەی! ... ( ئەڵڵاه، ) چەند جوانە!

شیعری‌وەسفی: کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش، .... ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش!

نزا: تەمەن درێژ بی! ... بێ وەی بی! ... خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ!

پاڕانەوە: <u>ئەم زوڵمە قبوڵ نەکەی خودایە!</u> ئەسڵەن ئەمەلم بە کەس نەمایە!

ئەم میللەتە گەورەیە و عەزیمە! سێ پارچە کراوە، بۆتە قیمە.

ب- <u>هەستدەربڕین بە خراپە</u>: لێرەدا، قسەکەر ئەوپەڕی ناڕەزایی خۆی دەربارەی توخمی مەبەستەکەی دەردەبڕێ، و بێ ئەوەی توخمەکە( کەسەکە ) ببیبیسێ، یا نەیبیسێ، قسەکەر هەست و نەستی خۆی بە ڕاستی و بێ دەسکرد و پێچ و پەنا دەردەبڕێ. واتە؛ قسەکەر هیچ

مەبەستێکی نیە، تەنیا هەستدەربڕین نەبێ. وەك، لە ڕستەی سەرسوڕمان و شیعری داشۆرینی ڕاست و توك و نەفرەت و جنێودان(١) و ...هتد:

سەرسوڕمان: (وای،) لەم منالە پیس و پۆخڵەی!.....(پەککو،) چەند هیچ و پوچە!

شیعری داشۆرین: ئەسڵ و نەسەبت دۆمە، لە من بوی بە هەجیجی!

بێمروەت و ئینساف و حەرامزادە و پیچی!

توك لێ کردن: تەمەنت کورت بێ! .. ڕوت ڕەشبێ! .. چاوت کوێر بێ!..هەی داوەششێی!

نەفرەت لێ کردن: ئەوەی ڕێگەی لە کوردان گۆڕی، لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆڕی!

جنێو پێ دان: نامەرد!...نارەسەنی!...بێئابڕوە!...بێشەرمن!...سەرسوالکەرین!...

لە ڕستەی جنێودان‌دا، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك بە زۆری دەرناکەوێ، چونکە بەرامبەر قسەکەرە و پێویست ناکا، بەڵام بەوە لە کەسی سێیەمی تاك جیادەکرێتەوە، کە لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرەکەوێ و لە کەسی دوەمی تاکدا دەرناکەوێ. وەك: (تۆ هینی!... هەی هێن! ... ئەو هینە!...).

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

(أ) قسەکەر، بێ ئەوەی گرنگی بدا بە بون و نەبونی گوێگر، هەستی ڕاستەقینە و پەنگخواردوی خۆی دەربارەی توخمێك (چاك بێ، یان خراپ) دەردەبڕێ.

(ب) دو جۆری هەیە، هەستدەربڕین بە چاکە و هەستدەربڕین بە خراپە.

(ج) دەبێ قسەکەر هەستی خۆی، بەڕاستی و بێ دەسکاری، وەك چۆن لە دەرونیدا هەیە، بەم شێوەیە دەربڕێ. ئەگەر هەستەکە دەسکرد بێ، ڕستەکە لەم ئەرکە دەردەچێ، هەستی دەسکرد بە چاکە، دەبێتە ڕستەی مەرایی و هەستی دەسکرد بە خراپە، دەبێتە داشۆرین و شکاندنی توخمەکە.

(د) لە قسەکردندا، ئاوازی ڕستەکە لە نزمی بەرەو بەرزیە. لە نوسیندا، لە کۆتایی ڕستەکە نیشانەی سەرسوڕمان دادەنرێ.

دەشێ، ڕستەکانی هەستدەربڕین لەگەڵ ئەرکی هەواڵدان تێکەڵبکرێن، چونکە قسەکەر ڕای خۆی دەربارەی توخمێك (بە چاك، یا خراپ) دەربڕیوە، بەڵام ڕستەکانی نزا و پاڕانەوە و توك و نەفرەت، دەشێ، بخرێنە سەر ئەرکی فەرماندان و ببن بە جۆرێکی داخوازی، هەرچەندە شێوە و مەبەستی دەربڕینیان لە هەواڵدان و فەرماندان جیاوازە.

**پێنجەم: ئەرکی هەست وروژاندن:**

لەم بەشەدا، قسەکەر دەیەوێ، بەم جۆرە ڕستانە هەستی گوێگر بوروژێنێ و ناڕاستەوخۆ، کارێکی پێ ئەنجام بدا (چاکە بێ، یا خراپە). واتە؛ دەیەوێ، چ بە پاداش و تەماحی بێ، چ بە هەڕەشە و ترساندن بێ، فریوی بدا و ناڕاستەوخۆ، داواکاریەکەی پێ

ئه نجام بدا. بۆیه دەتوانرێ، ئـەم بەشـە بخرێتـە پـاڵ جـۆرێکی فەرمانـدان، هەرچـەندە قسەکەر شێوازی داواکاریەکەی جیایە.

دەشێ، ئەم بەشەش بکرێتە دو جۆر:

أ- هەست وروژاندن بـۆ سـودی گشـتی: لێـرەدا، قسـەکەر هەوڵـدەدا، بـەم جـۆرە ڕسـتانە ناڕاستەوخۆ، وا لە گوێگر بکا، کارێکی چاك ئه نجام بـدا. لـەم جـۆرە ڕسـتانەدا، قسـەکەر ڕەچـاوی هـیچ بەرژەوەندیـەکی تایبـەتی خـۆی ناکـا و مەبەسـتی تـەنیا: سودبەخشـین و بەرژەوەندیی گشتیە. وەك، لە وتاری کۆمەڵایەتی و ئایینی و باسی پاداشی بەهەشت و سزای دۆزەخ و لـە پەنـدەکانی پێشـینان و ئامۆژگـاری و هانـدانی پێشـمەرگە و سـەرجەم نیشتمانپەروەران بۆ بەرگریکردن لە گەل و وڵات ...هتد.

| جـۆری نمونەکان | نـــمـــونـــەکـــان | مەبەستی نمونەکان |
| --- | --- | --- |
| پەندی پێشینان: | برا لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لە لای خوا بێ! | یـەکگـرتـن |
| هـانـدان: | ئەم خاکە داکی تۆیە! کەوتە دەستی ئەجنەبی، ئەی کوردی ساحێب غیرەت! تۆ چلۆن ڕازی دەبی؟! | بەرگری کردنە لە نیشتمان. |
| ئـامـۆژگـاری: | بە ڕیشی پان و پرچی پڕ لە ئەسپێ، بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ؟! | پرسیار نیە، ئامۆژگاریە. |

ب- هەست وروژاندن بۆ سودی تایبەتی: لێرەدا، قسەکەر هەوڵدەدا، بۆ سودی تایبەتی خـۆی بەم جۆرە ڕستانە ناڕاستەوخۆ، وا لە گوێگر بکا، کارێك ئه نجام بدا. لـەم جـۆرە ڕسـتانەدا، قسەکەر، ڕەچاوی هیچ بەرژەوەندیەکی گشتی ناکا و مەبەستی تەنیا، سـودمەندی تایبـەتی خۆی، یا گروپەکەی خۆیەتی. لێرەدا، کەمتر باسی ترس و تۆقانـدن دەکـرێ، بـەڵکو بـەوە فریوی گوێگر دەدرێ، کە ئه نجامدانی کارەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی و ئه نجامدانی کارەکـە لە دەرونیا جـوان و شـیرین دەکـا. وەك، لـە سـەرجەم پرۆپاگەنـدە بازرگـانی و ڕامیـاری و گەشتوگوزاری و ...هتد، دەزگاکانی ڕاگەیانـدن و میـدیاکان، لـەم ئەرکـەدا ڕۆڵیکـی بـاش دەبینن. وەك:

پاگەندەی بازرگـانی: فلیمی قەدەر، جوانترین و سەرکەوتوترین فلیمی کوردیە! کە ......

پاگەندەی ڕامیـاری: دەنگدان بە ساڵەهای خەبات! دەنگدانە بە خوێنی شەهیدان! دەنگدانە بە ..

پاگەندەی گەشتیاری: ئەم سەیرانگایە جوانە! جێی شادی گشت دڵانە! نرخەکەی زۆر هەرزانە!

هەروەها داگیرکەرانیش، ئەم جۆرە ڕستانەی تاودان بەکاردێنن بـۆ سـەربازەکانیان و وایان نیشان دەدەن، کە ئەوان لە سەر مافن و بەرامبەریان بە دوژمن دادەنێن و دەبێ، لە نـاو ببرێن ...

سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:

( أ ) قسەکەر، ناڕاستەوخۆ، بێ ئەوەی مەبەستەکەی بە زەقی بخاتەڕو، دەیەوێ، هەستی گوێگر بوروژێنێ، بۆ ئەوەی کارێکی پێ ئە نجام بدا، ( چاك بێ، یان خراپ ).

( ب ) دو جۆری هەست وروژاندن هەیە، هەست وروژاندن بۆ سودی گشتی و هەست وروژاندن بۆ سودی تایبەتی.

( ج ) قسەکەر، بۆ وروژاندنی هەستی بەرامبەر، پەنا دەباتە بەر بەڵێندان بۆ پێدانی بەخشش و پاداش، یان هەڕەشە و گەفوگوڕی زیان و سزادان.

( د ) بە زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان، هۆکاری گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەو ئەرکەن.

ئەگەرچی هەستدەربڕین و هەست وروژاندن، دو ئەرکی جیاوازن، بەڵام لە بەر ئەوەی هەردوکیان دەربارەی هەستن، یەکەمیان دەربارەی هەستی قسەکەرە و دوەمیان دەربارەی هەستی گوێگرە، دەکرێ، وەك دو بەشی جۆرێك، ناونیشانێکیان بۆ دابنرێ. وەك: ئەرکی هەستدەربڕین و وروژاندن.

**شەشەم: ئەرکی ڕا پەڕاندن:**

مەبەست لە ئەرکی ڕا پەڕاندن، ئەوەیە، کە ڕستەی ڕا پەڕاندن، خۆی دەبێتە کەرەسە و خودی ئەرکەکە، هەرکە ڕستەکە لە دەمی قسەکەر تەواو بو، ئەرکەکە ئە نجامدراوە. واتە؛ مەبەستی قسەکەر، ئە نجامدانی کارێکی زارەکیە و کارەکی نیە. کارەکەش بریتیە، لە خودی ڕستەکە و لە گەڵ کۆتایی هاتنی دوا وشەی ڕستەکە، لە دەمی قسەکەر، ئەوا یەکسەر کارەکە ئە نجامدراوە. وەك لە سوێند و تەڵاق خواردن(٢) و بەڵێندان و مەرجکردن و ناونان و کردنەوە و داخستنی ( ئاهەنگ و کۆبونەوە و ئێزگە و بۆنەکان ) و ... هتد. وەك:

سوێند خواردن: سوێند دەخۆم، کە ئیتر کات بە فیڕۆ نەدەم. ... بە سەری تۆ، چیتر وا ناکەم.

مەرج و پەیمان : مەرج بێ، تا ماوم، لە بیرتان نەکەم. ... پەیمان بێ، لەمەودوا جگەرە نەکێشم.

ناونان: وا ئەو منالە ناو دەنێین ( ڕاپەڕین ). .. ئەم گەڕەکە تازەیە ناو دەنێین ( شەهیدان ).

کردنەوەی بۆنە: ئەم کۆبونەوەیەمان ( بە سرودی ئەی ڕەقیب ) دەست پێ دەکەین.

لەم ڕستانەدا، تێبینی ئەوە دەکرێ، ئەگەر ڕستەکە سادە بێ، ئەوا هەر خۆی ڕستەی ڕا پەڕاندنە، بەڵام ئەگەر ڕستەکە ئاوێتە بو، ئەوا شاڕستەکە ڕستەی ڕا پەڕاندنە. بۆ نمونە: لە ڕستەی یەکەمدا، کاتێ قسەکەر وتی: ( سوێند دەخۆم، ..... ) ئیتر تەواو، واتە؛ سوێندی خوارد، ئیتر ڕستەی دوەم جێبەجێ بکا، یا نەکا.

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

(أ) ڕستەی ڕا پەڕاندن، خۆی بریتیە لە خودی ئەو کارەی، قسەکەر دەیەوێ، ئەنجامی بدا، هەرکە کۆتایی بە ڕستەکە هێنا، یەکسەر ئەرکەکە ئەنجام دەدرێ.
(ب) زۆربەی ڕستەکان لە کاتی ڕانەبوردو دان. ئەگەر کران بە ڕابوردو، دەبن بە ڕستەی هەواڵدان، مەگەر پێشگری (وا، ئەوا) بخرێتە پێش ڕستە ڕانەبوردوەکە.
(ج) قسەکەر، بە زۆری کەسی یەکەمی تاکە، (دەشێ، بە نوێنەرایەتی یەکەمی کۆش قسە بکا) و خۆی ئەنجامدەری کارەکەیە، کارەکەش زارەکیە و خودی ڕستەکەیە.
(د) ئاوازی ڕستەکان، یا ئاسۆیی، یا لە سەرەوە بەرەوخوارە و لە نوسیندا، لە کۆتایی ڕستەکە وێرگوڵ، یا خاڵ دادەنرێ.

ئەم ئەرکەش، ئەرکێکی لاوەکیە و زۆر جیاوازیی لەگەڵ ئەرکی هەواڵدان نیە و دەشێ بخرێتەوە سەر ئەرکی هەواڵدان.

**حەوتەم: ئەرکی کۆمەڵایەتی:**

ئەرکی کۆمەڵایەتی، هەندێ جار، ئەرکی خۆبردنە پێش، یا مەراییشی پێ دەوترێ، کە بریتیە، لەو ڕستانەی، لە سڵاوکردن و چاکوچۆنی و هەواڵ پرسین بەکاردێن. مەبەستی قسەکەر، لەم جۆرە ڕستانە، نیشاندان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خۆی و گوێگرە. وەك:

سڵاوکردن: بەیانیت باش!.. ماندو نەبی!.. سڵاوتان لێ بێ!.. بە خێر بێن!.. خواتان لە گەڵ!..
چاکوچۆنی: چۆنی؟!.. لە چیای؟!.. باوکت چۆنە؟!.. کوی؟!.. تەندروستیتان؟!.. باشن؟!..

**سیماکانی ئەو جۆرە ڕستانە ئەمانەن:**

(أ) لە ڕستەی کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر قسەکەر مەبەستی مەرایی و خۆبردنە پێش نەبێ، واتە؛ هیچ ئیشێکی بە گوێگر نەبێ، ئەوا مەبەستی نیشاندانی بێگەردی و پتەوی پەیوەندیی نێوانیانە.
(ب) هەندێ جار، لە ڕستەکاندا، کار سواوە و لە ئاستی سەرەوەدا، دەرناکەوێ. وەك لە (بەیانیت باش!)دا، لە بنەڕەتا (بەیانیت باش بێ!)یە، یان (تەندروستیتان؟!)، لە بنجدا (تەندروستیتان چۆنە؟!)یە.
(ج) ئەگەر ڕستەکە لە شێوەی پرسیاری بێ، ئەوا جیاوازیی لەگەڵ ئەرکی پرسیاری لەوەدایە، کە قسەکەر چاوەڕێی وەڵامی گوێگر ناکا. واتە؛ کاتێ قسەکەر بە گوێگر دەڵێ: (چۆنی؟!، باشی؟!)، مەبەستی ئەوە نیە، گوێگر باسی خۆی بۆ بکا، بەڵکو مەبەستی تەنیا سڵاوکردنە. ئەگەر هاتو قسەکەر، چاوەڕێی وەڵامی کرد، دیارە، مەبەستی پرسیارکردنە، نەك چاکوچۆنی.

( د ) ئاوازی ڕستەکان، یان لە شێوەی پرسیاریدان، یان لە شێوەی داخوازی. لە کۆتایی سڵاودا نیشانەی سەرسوڕمان دادەنرێ و لە کۆتایی چاکوچۆنیدا نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان دادەنرێن.

ئەرکی کۆمەڵایەتیش، ئەرکێکی لاوەکیە و دەشێ، جۆری سڵاوکردنەکە بکرێ بە بەشێك لە داخوازی و جۆری هەواڵپرسینەکەش بخرێتە سەر جۆری ئەرکی پرسیاری.

(( پەراوێزەکانی بەشی سێیەم ))

( ١ ) شایانی باسە، کە زمانی کوردی، زمانێکی زۆر زۆر پاکە لە زاراوەکانی جنێودان و هیچ جنێوێکی ڕەسەن و یەك وشەی سادەی تیادا نیە. ئەمەش بەڵگەی ڕەوشت بەرزیی کۆمەڵگای کوردەواری دەگەیێنێ. هەروەك پێش ئیسلامیش پەیڕەویکردنی فەرمودەکانی زەردەشت: ( وتەی باش، ڕەوشتی باش، کردەوەی باش )، ڕەفتار و ڕێسای کوردەواری بوە.

ئەو جنێوە باوانەی لە کوردیدا هەن، بە هۆی ئامرازێکی ناکردن، یان هەر ئامرازێکی تر کە واتای لادان و نێگەتیڤ بگەیێنێ. وەك:

ئاوەڵناوی ( بەد – Bad ) لە زاراوەکانی: بەدکار، بەدڕەوشت، بەدڕەفتار، بەدخو .....

ئامرازی ( بێ ): بێئابڕو، بێڕێز، بێبەزەیی، بێهۆش .....

ئامرازی ( نا ): ناپەسەند، نارەسەن، نامەرد، ناپیاو، ناشیرین ......

ئەم جنێوانەش هیچیان سادە نین و هەمویان نادادەن، بەڵام جنێوە سادەکان هەمویان لە عەرەبی یان تورکی وەرگیراون.

( ٢ ) ئایا ( سوێند خواردن )، ( تەڵاق خواردن )، ( پەیمان دان ) و ( بەڵێن دان ) چاوگی تێپەڕن یا تێنەپەڕ؟

ئەگەر بەراوردی ئەم ڕستانە بکەین:

| ڕستەی تێنە پەڕ | ڕستەی تێپەڕ | ڕستەی ڕا پەڕاندن |
|---|---|---|
| زۆر ڕۆیشتم | زۆر نانم خوارد | زۆر سوێندم خوارد |
| زۆر گەڕام | زۆر خواردنم خوارد | زۆر تەڵاقم خوارد |
| زۆر دانیشتØ | زۆر پارەی دا | زۆر بەڵێنم دا |
| زۆر وەستاØ | زۆر موچەی دا | زۆر پەیمانم دا |

خشتەی ( ٥٣ )

لە تێپەڕدا دەتوانرێ، بەرکار بسوێ و ڕاناوی لکاوی خاوەنی بچێتە سەر ( زۆر )، واتە؛ ( زۆر ) ڕۆڵی بەرکار ببینێ: زۆرم خوارد، زۆری دا .....، بەڵام لە تێنە پەڕ و ڕا پەڕاندن ئەمە ناکرێ.


## (( ملخص البحث ))

رغم قصر مدة تأريخ الدراسات اللغوية، ولاسيما الأكاديمية عند الكورد مقارنة بالشعوب الأخرى، ولكن قلما نجد باحثا لغويا في اللغة الكوردية لم يتطرق بشكل أو بآخر

الى تصنيفات الجملة. و لكتابة هذا البحث، تم الإستفادة من كل الجهود السابقة مقارنة بالتصنيفات في اللغات الأخرى المعروفة لدى الباحث، مثل العربية والانكليزية و الفارسية. حيث تم تصنيف الجملة بشكل علمي آخر، مع مراعات خصوصيات اللغة الكوردية. ولتحقيق ذلك، بادر الباحث الى تقسيم البحث الى ثلاثة فصول، إضافة الى أهم النتائج و ملخص البحث باللغتين العربية ولأنكليزية و هوامش الفصول الثلاثة والمصادر.

ففي الفصل الأول: تطرق الباحث الى الجملة البسيطة، بأنواعها الثلاثة: (الأبسط) (الإعتيادي) و (الموسع).

أما الفصل الثاني: يتناول الجملة غير البسيطة، بنوعيها المركبة والمعقدة، تنقسم كل منها الى أنواع ثانوية أخرى.

و الفصل الثالث: مخصص لتناول تصنيف الجملة الكوردية على أساس دلالات الجمل، حيث تمكن الباحث من تميز سبعة أنواع من الجمل، حسب الوظيفة الدلالية التي تؤدي كل منها.

## (سەرچاوەکان)


﴿١﴾ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠ز.

﴿٢﴾ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ناکردن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩١ز.

﴿٣﴾ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول {ب}، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥ز.

﴿٤﴾ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز.

﴿٥﴾ د. کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی دا، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٦ز.

﴿٦﴾ قیس کاکل توفیق، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٥ز.

﴿٧﴾ د. کوردستان موکریانی {ب}، سینتاکسی ڕستەی سادەی کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠ز.

﴿٨﴾ عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی (بون و هەبون) لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠٠٠ز.

﴿٩﴾ سعید صدقی، مختصر صرف و نحوی کوردی، جزء ١، طبع اول، بغداد، ١٩٢٨م.

﴿١٠﴾ یوسف شریف سعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠ز.

﴿١١﴾ ڕەفیق محەمەد محیێدین شوانی، ئـامرازی بەسـتنەوە لـە زمـانی کوردیـدا، نامـەی دکتۆرا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

﴿١٢﴾ Randolph Quirk & Sidney Greenbaum, A University Grammar Of English, Longman Group Limited, England, ١٩٨٣.

﴿١٣﴾ د. کوردسـتان موکریـانی {ج} ، سینتاکسـی ڕسـتەی تێکـەڵ، ، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤ز.

﴿١٤﴾ F. S. Scott, C. C. Bowley, C. S. Brockett, J. G. Brown, P. R. Goddard, English Grammar, A Linguistic Study of its Classes and Structures, London, ١٩٧٨.

﴿١٥﴾ أبوبکر عمر قادر، پرسیار لە زمانی کوردی دا، نامـەی ماجسـتێر، بەشـی کـوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سـەلاحەددین، ١٩٩٣ز.

﴿١٦﴾ ئازاد ڕەمەزان عەلی، لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی زمانی کـوردی، نامـەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩ز.